# چەردەیەکی ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی بەنموونەی قەسیدەی (بەحری نوور)ــی مەحوی

**ID No. 722**

(PP 123 - 151)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.8

**کارزان محسن قادر**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

karzan.qader@su.edu.krd

**سمیر احمد ابراهیم**

وەزارەتی پەروەردە

m.samerahmad0105@gmail.com

**وەگـــــرتن: 2023/01/30**

**پەسندکردن: 2023/02/20**

**بڵاوکردنەوە: 2023/10/15**

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (چەردەیەکی ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی بەنموونەی قەسیدەی (بەحری نوور)ــی مەحوی) ـیە، لێکۆڵینەوەکە زێتر بۆ ڕوانینی ئەدەبیاتە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، بە دیاریکراوی ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییەوە. لەم لێکۆڵینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە ڕەگوڕیشەی ئەم ئەدەبیاتە کراوە، دواتر باسی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییمان کردوو. بۆ ئەم مەبەستە شیعری ئایینییمان باسکردووە، هەروەها باسی لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی قەسیدەی "بەحری نوور" لە ڕوانگەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی کراوە. ئاشکرایە شیعری مەحوی هەمە لایەنە و فرە مەبەستە: ئایینی، سۆفیزمی، عیرفانیی، فەلسەفیی، کۆمەڵایەتیی، ... بۆ زۆربەی بابەت و مەبەستە شیعرییەکان، شیعری بەپێزی هۆنێوەتەوە.

**کلیلە وشەکان** :(ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی، تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، ڕوخسار و ناوەڕۆك، زمان، کێش و سەروا، بەحری نوور).

**1 - پێشەکی :**

ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە، ئەدەبی عەرەبیش لە ئەدەبی جاهیلییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەدەبی سەردەمی ئیسلام. ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم ئاینە بە ئاشکرا بەرجەستە دەبێت لەم ئەدەبیاتەدا، ئەدەبی ئیسلامگەریی بینین و بڕوا و باوەڕبوونە بە جوانیەکانی خودا، لە ڕێی توانا و بیرکردنەوەی مرۆڤ. بەشێك لە لایەنی گیانی و بوونی مرۆڤ و تێرامان لە جوانییەکانی خودا، هەر لەم ئەدەبیاتەدا ڕەنگیداوەتەوە، هەر ئەم پرس و بابەتە هەستیارانە بەشێوەیەکی گشتی کەم تا زۆر لە ئەدەبەدا پانتایەکی فراوانیان گرتتەوە و بایەخیان پێدراوە.

ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی وەك ئەو ئەدەبیاتەی وەك ئەو ئەدەبیاتەی کە ئێمە بە وێنە گشتییەکەی وێنای دەکەین، ئاشکرایە ڕەگوڕیشەی شیعر بووە، وەك چۆن بەرلەوەی ئەدەب بوونی هەبێت شیعر بوونی هەبووە، بەڵام دواتر شیعر و ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی، وەك شێوە و قاڵب و واتا و مەبەست و چەمکە گشتییەکەی ئەدەب لە چەندین ژانری ئەدەبییدا خۆی دەنوێنێت.

لە دووتوێی ئەم ئەدەبیاتەدا، پێویستە شاعیر، ئەدیب تاڕادەیەکی زۆر خۆی بۆ مەسەلە و پرسی ناوەڕۆکی ئەدەبەکە یەکلایی بکاتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە خۆیەکلاییکردنەوە بۆ یەکتاپەرستیی، پەرستی خودا، دانان بە دوا نێردراوی پێغەمبەر "موحەممەد" درووودی خوای لەسەربێت. ئینجا پابەندبوون بە مرۆڤبوونەوە لە پێناو ئەدەبێکی ئاکارگەریی، کە سوود و کەڵکی بۆ

ڕەوڕەوەی ژیانی مرۆڤ هەبێت، هەروەها بە ئامانجی گۆڕینی، یان کەمکردنەوە یاخود لە نێوبردنی گیانی خراپە و شەڕانگێزیی، بەرجەستەکردنی گیانی چاکە و چاکەخوازیی و چاکسازی لە خود و دواتر ڕەنگدانەوەی لە کۆمەڵگادا.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە: لێکۆڵەر، کاتێك لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی ئەدیبێك، یان شاعیرێك دەکات، بێگومان لە هەنگاوی یەکەمدا پەنا بۆ بەرهەمەکانی دەبات، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش و یەکلاکەرەوە بۆ لێکۆڵەر، بەمەبەستی دۆزینەوەی کرۆکی ئەو پرۆژەیەی کە لەبارەیەوە کاردەکات. بۆیە شیعر و ئەدەبە بەرزەکەی"مەحوی"ــیش، دەبێتە کەرستەیەکی جوان و خەملیووی لێکۆڵینەوەکەمان، بەڕوون و ئاشکرایی ئایین و کولتووری ئیسلامگەریی، لەگەڵ چەندین بابەتیتر لە شیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: لەم لێکۆڵینەوەدا تەنیا قەسیدەی "بەحری نوور"مان وەرگرتووە، کە "124" دێڕە شیعرە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر تەنیا ئەم قەسیدە ئاینییەی نییە، بەڵکو چەند قەسیدەیەکی تری ئایینی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین وشە و زاراوەی ئایینی و سۆفیگەریی لە ناو دیوانەکەیدا بەرچاو دەکەون، بێگومان ئەگەر کارمان لەسەر هەموویان بکردایە، ئەوا سنووری لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەندە فراوان دەبوو، نەماندەتوانی بەشێوەیەکی زانستییانە خوێندنەوەیان بۆ بکەین، ئەو کاتەش ناچار دەبووین بە کێماسییەکی زۆر و ڕووکەشانە خوێندنەوەیان بۆ بکەین.

گیروگرفتی لیکۆڵینەوەکە: مەبەستمانە کێشە و ئاریشەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەمان تیروانینێکی بابەتیی و زانستییانە لەخۆبگرێت، لەنێو ئەو لێکۆڵینەوە ڕەخنەییانەی کە تا ئێستا ئەنجامدراون، لەبارەی "مەحوی"ــی شاعیرەوە زۆر نووسراون، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، تا ئێستا زانیبێتمان لێکۆڵەریکی ئەدەبیی بابەتیکی لەبارەی ئەم تیۆرەوە نەدرکاندووە، کە ئەمەش وایکردووە وەك گیروگرفت و ئاریشەیەکی ئەدەب و ڕەخنەی کوردیمان بوونی هەبێت، لەکاتێکدا ئەدیبانمان چەندین دەقی جوانییان نووسیوە، کە دەتوانن ببنە کەرستەیەکی دەوڵەمەند و لەژێر ڕۆشنایی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی خوێندنەوەی ورد و جوانییان بۆبکرێت.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە: لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەدا پشتمان بە "تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی" بەستووە. ئەمەش وایکردووە جووت لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی قەسیدەکە بەڕوونی بەرجەستە بکەین.

پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لیکۆڵینەوەیەمان، دابەشی سەر دوو بەش کردووە: بەشی یەکەم: ئەم بەشەمان دابەشی سەر دوو تەوەرەی سەرەکی کردووە، ئەمانە ئاماژەیان پێکراوە و باسکراون:ـ لە تەوەری یەکەمدا: ڕەگوڕیشەی مێژووی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی. لە تەوەرەی دووەمێشدا: تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی. بەشی دووەم: ئەم بەشەش دابەشی سەر دوو تەوەر کراوە. لە تەوەرەی یەکەمدا: باسی ڕوخساری قەسیدەکەمان کردووە، کە خۆی لە زمانی شیعریی و کێش و سەروا دەبینێتەوە. لە تەوەری دووەمیشدا: باسی ناوەڕۆکی قەسیدەی "بەحری نوور"ـمان کردووە، کە خوێندنەوە و ڕاڤە و شیکردنەوەمان بۆیکردووە.

لە کۆتایی لیکۆڵینەوەکەشماندا: گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە پێیگەیشتووین بەچەند خاڵێك دەستنیشانمانکردوون. دواتر سەرچاوەکانمان پۆلێن و ڕێزکردوون. پوختەی لێکۆڵینەوەکەشمان بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەرگێڕاوە.

## 2- ئەدەبــیاتی ئیسلامگەریــی

### ڕەگوڕیشەی مێژوویی:

بێگومان ڕەگوڕیشەی ئەم ئەدەبە بۆ میانەی نێوان ئەدەب و ئایین دەگەڕێتەوە، لە ناو و ناولینانەکەشییەوە دیارە بە ئایینی ئیسلامەوە شەتەکدراوە. وەك دەزانین چ ئەدەب، چ ئایین کار لە سەر دەقەکانیان دەکرێت. واتا کردەی نووسین، دەقی ئەدەبیی و ئایینیش لە نێوانیاندا چەندین بنەما و ڕەگەز و پێکهینەری سەرەکی هەیە کە بەیەکترییانەوە دەبەستێتەوە و دەبنە خاڵ و لایەنی هاوبەشی یەکتر. ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕەنگدانەوە و زایەڵەی دەقگەلی ئایینیین لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و جینشین و یار و باوەران و ... هتد. سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبیاتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام، لەم سەردەمەدا و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبیاتە، ئەدەبی عەرەبییش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر هەنگاو دەنێت، لە ئەدەبی جاهیلییەوە "پێش ئیسلام" دەگوازرێتەوە بۆ ئەدەبی "سەردەمی ئیسلام". کە لەم قۆناغەدا تاڕادەیەك ئەدەبی عەرەبی گەر بەرێژەییش بێت لە قاڵب دەدرێت، بەشێکی ئەم ئەدەبیاتە مۆرکێکی ئایینیی دەبێت.

ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی لە هەموو لایەکەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلامەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم ئایینە بەئاشکرا بەرجەستە دەبێت لەم ئەدەبیاتەدا، بەڵام هەندێك پێیانوایە: ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی کۆکراوەی وتار و ئامۆژگاری و مێژوو و گوتاری

سەرلەبەری ئیسلام نییە، بەڵكو ئەدەبیاتێكە هونەر و ئەدەبیبوونی تێدا بەدیدەكرێت، پەیوەستە بەلایەنی گیانیی و بوونی مرۆڤەوە. لە لایەكی ترەوە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی بینین و ڕامانە لە جوانییەكانی خودا لەڕێی توانا و بیركردنەوەكانی مرۆڤ. (خلیل، 2007: ص 12).

بەم پێوەدانگە بێت پرس و بابەتی هەستیاری وەك لایەنی گیانیی و بوونی مرۆڤ و تێڕامان لە جوانییەكانی خودا هەر لە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕەنگینەداوەتەوە، بەڵكو ئەم پرس و بابەتە هەستیارانە، بەشێوەیەكی گشتی لە ئەدەبدا پانتاییەكی بەرفراوان دەگرنەوە و بایەخی بەرچاویان پێدەدرێت.

ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی، وەك ئەو ئەدەبەی كە ئێمە بەشێوە گشتییەكەی وێنای دەكەین، ڕەگوڕیشەی شیعر بووە، وەك چۆن بەرلەوەی ئەدەب بوونی هەبێت، شیعر بوونی هەبووە، بەهەمان شێوە بەرلەوەی ئەدەبی ئیسلامگەریی بوونی هەبێت، شیعری ئیسلامگەریی بوونی هەبووە، بەڵام دواتر شیعر و ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی وەك شێوە گشتییەكەی ئەدەب لە چوارچێوەی چەندین ژانری ئەدەبییدا بوونیان دەسەلمێنین.

سەرەڕای ئەمانە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی، وا چاكە ڕاستتر بڵێین: شیعری ئیسلامگەریی كاتەكەی هاوكاتە لەگەڵ دابەزینی سرووش بۆ پێغەمبەر (د.خ). لەمكاتەدا لە نێو دنیای شیعری عەرەبییدا جووتبەرەی ناكۆك لێدوان و بیروبۆچوونیان لە بارەی شیعرەوە دەخەنەڕوو، بەتایبەتی ئەو بەرە نوێیەی كە داكۆكی لە شیعری ئیسلامگەریی دەكات، ئەم بەرەیان پێیانوایە: شاعیران لە ڕێی غەزەلەكانییانەوە بەزێدەڕۆییەوە گوزارشت لە ئارەزووبازی دەكەن، كە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت بەسەر بەهاكان و سووربوونیان لەسەر ئەم ئارەزووبازییە نابەجێیانە، دیسانەوە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت بەسەر لایەنی هونەریی شیعرەكە، بۆیە لە دۆخێكی لەمشێوەیەدا شیعر ڕووی لە ڕۆڵی خراپەیە، هیچ چاكەیەك لە شیعر بەدیناكرێت. (بدر ، 1985: ص115). كەواتە لێرەدا ئەدەب بە دیاریكراوی شیعر پەیوەستكراوە بە مەسەلە ئاكاریی و بەها كۆمەڵایەتیی و ئایینییەكانەوە، هەر شیعرێك ئەم چوارچێوەیە بەزێنیت لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی دەچێتە چوارچێوەی زیدەڕۆییكردن لە ئارەزووبازی نابەجێوە، لەكاتێكدا لە ئەدەبدا چوارچێوەیەكی ئاسنین نییە بۆ هیچ بابەت و مەبەست و واتایەك، بەڵام ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی كە گوتاری ئایینیی بەسەریەوە زاڵە، بێگومان چوارچێوەی بۆ بابەت و دەربەست و واتایەكانی دەقی ئەدەبیی دادەنێت، بەزاندنی ئەم چوارچێوەیە دووركەوتنەوەیە لە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی و تەنانەت گوتارە ئایینییەكەش.

ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی، وەك ئەدەبیاتێكی كەتوارگەریی بوونی هەیە، بەدرێژایی نزیكەی چواردە سەدە، بەڵام بوونی ئەم ئەدەبیاتە بەم ناوە و لەژێر ئەم ناونیشانەدا بە دوور نییە لە گەنگەشە و مشتومڕ و لەیەكتر تێگەیشتن و خراپ لەیەكتر گەیشتن، بێگومان ئەمەش لە نێو دنیای ئەدەبیاتناسیی تاڕادەیەك بۆتە دیاردەیەكی ئاسایی، بۆ نموونە دەڵێین: ئەدەبی منداڵان، یان ئەدەبی ژنانە. یاخود جیاكردنەوەی ئەدەب لەسەر بنەمای سۆز و هەڵچوون و ئارەزوومەندیی و جیۆگرافیا...هتد. دەڵێین: ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیی، یان ڕۆژئاوایی. یاخود جیاكردنەوەی ئەدەب لەسەر بنەمای نەتەوەیی، سەردەستە، یان ژێر دەستە. یاخود جیاكردنەوەی ئەدەب لەسەر بنەمای نەژاد و ڕەنگی پێست، وەك ئەدەبیاتی زنجییەكان. یاخود جیاكردنەوەی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیی، وەك ئەدەبیاتی چەپگەریی، یان ئەدەبیاتی نەتەوە پەرستیی ... هتد.

وەك چۆن ئەم ناو و ناونیشانانە لە نێو دنیای ئەدەبیاتناسیی بوونیان هەیە و ڕۆیشتوون و چەسپاون، دەبێت ئاواش لامان ئاسایی بێت ئەدەبیاتێك هەبێت بە ناو و ناونیشانی ئەدەبی ئیسلامگەریی.

نەخاسمە ئەوكاتەی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی تیشك بخاتە سەر بەهاكانی شارستانیەتی ئیسلامی و چەمكە گشتگیر و بەرفراوانەكانی وەك مرۆڤ و ژیان و گەردوون و ئازادبوونی مرۆڤ و كرانەوە لەبەردەم كولتووری جیاواز و پەیوەندی دروستی نێوان كۆمەڵگاكان و قووڵكردنەوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان بە جیاوازەكانییانەوە ... هتد. لەم هەلومەرج و بارودۆخەدا ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕەچاوی ئەوەی كردووە بچێتە نێو قووڵاییەكانی ئەدەبیاتی جیهانییەوە. (الكیلانی، 1987: ص 48).

بێگومان گەر ئەم پرس و بابەت و بنەمایانە لە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕەنگبدەنەوە، ئەدەبی ئیسلامگەریی هیچ ئاریشەیەكی ئەوتۆی لی بەدیناكرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتناسیی، ڕەنگدانەوەی چەمكگەلی وەك مرۆڤ، گەردوون، ژیان، ئازادیی، پەیوەندی نێوان كولتوورەكان، لە یەكترتێگەیشتنی كۆمەڵگاكان، هتد. بێگومان ئەم چەمكگەل و هاوشێوە و هاوواتاكانیان هەر گوزارشت نین لە ئەدەبی ئیسلامگەریی، بەڵكو ئەمانە خودی ئەدەبن، بەڵام بە تیڕوانین و گۆشەنیگایەكی تر.

گەر ئەدەبێك لەپێناوی مرۆڤ و مرۆڤدۆستیی و مرۆڤخوازیی نەبێت، ئەوە ئەدەبە ئامانجەكەی بۆچی باشە؟ گرنگی و بایەخی لە چی دایە؟ كەواتە لەم پێناوەدا ڕاستە ئەدەبی ئیسلامگەریی، كەڵك و چێژێكی ڕەهای نییە، بەڵام كەڵك و چێژێكی سنووردار و

ڕێژەیی هەیە، ئەمەش بۆ هەموو ئەو ئەدەب و ئەدەبیاتانە ڕاستن كە هەڵگری ناو و ناونیشانی تایبەتمەندن، ڕەنگ و دەنگدانەوەی چین و توێژێكن. بۆ نموونە ئەدەبیاتی كرێكاریی. یاخود هی قۆناغ و تەمەنێكن وەك ئەدەبیاتی منداڵان. یاخود هی ڕەگەزێكن وەك ئەدەبیاتی ژنانە... هتد.

وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕەگوڕیشەكەی بۆ نزیكەی چواردە سەدە بەر لە ئەمڕۆ درێژ دەبێتەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەمە جیاوازەكان پانتایی ئەم ئەدەبیاتە بەرفراوان بووە، چۆن؟ ئاشكرایە ئەدەبی ئیسلامگەریی، یان ڕاستتر بڵێین: شیعری ئیسلامگەریی لە خاڵی دەستپێك و بەدیاركەوتنی گوزارشت بووە لە شیعر و ئەدەبی نەتەوەیەك، یان میللەت و گەلێك، كە ئەویش خۆی لە عەرەب بینیبۆوە، ئەدەبی ئیسلامگەریی گوزارشت نەبووە لە شیعر و ئەدەبی میللەت و نەتەوە گەلێك، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەدەبی ئیسلامگەریی گوزارشتە لە ئەدەبیاتی ئوممەت و گەل و میللەتە جیاوازەكان، بە جیاوازی زمان و كولتوور و ڕۆشنبیریی و بیركردنەوە و ڕەگەز و ڕەنگ و تێگەیشتنیانەوە.

كەواتە ئەدەبی ئیسلامگەریی لە ڕۆژگار و سەردەمی ئێستاماندا چ سوود و ڕۆڵێكی هەیە بە بەراورد بە سەردەمی ڕابردوویەك لە قووڵایی مێژوودا ؟ بێگومان سوود و ڕۆڵی ئەدەبی ئیسلامگەریی لەم سەردەمەدا بەرجەستەكردنی تواناییەكانی مرۆڤێكی موسڵمانە، نەوەك وەك دوێنی هی عەرەبێكی موسڵمان، مەبەستیشمان لەمەدا نەژادپەرستی نییە، بەڵكو ئاشكراكردنی پانتایی و بەرفراوانی ئەدەبی ئیسلامگەرییە لە ئێستادا. لەهەمانكاتدا دەشێت ئەدەبی ئیسلامگەریی گوزارشت بێت لە میللەت و نەتەوەگەلی نا ئیسلامیش، بەتایبەت ئەوكاتەی ئەدەبی ئیسلامگەریی دەبێتە سەكۆیەك بۆ پەیامی ئاشتی و پێكەوەژیان و ڕووبەڕوبوونەوەی جەور و ستەم و نادادیی و بەدیهێنانی خەون و ئاواتی مرۆڤەكان گەر بە ڕێژەییش بێت، چونكە لە دواجاردا ئەدەبی ئیسلامگەریی بەدەر نییە لە ئەندێشە و هەست و سۆز و هەڵچوون و هزر و بیركردنەوە و وێنەی هونەریی و ویژدان و جوانیی ... هتد.

لەهەمانكاتدا داهێنەر، یان دەقنووس و نووسەری ئەدەبی ئیسلامگەریی دەیەوێت كارلێك لەگەڵ ژیاندا بكات، جۆرێك گونجان بسازێنیت لەگەڵ كۆی كایە ڕۆشنبیرییەكانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ و لە خەم و خزمەتی پرسە چارەنووسسازەكانی مرۆڤ دابێت. بۆیە بە لای ئێمەوە لە بارەی ئەدەبی ئیسلامگەرییەوە ڕەوتی ئەدەبەكە پێشكەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینێووە. ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی ئەدەبی ئیسلامگەریی لە چوارچێوەی ئەدەبی نەتەوەیەك، یان جیۆگرافییەكی دیاریكراو گیری نەخواردووە، لەهەمانكاتدا بەو گیانە بەردەوامە كە نكۆڵی لە ناشیرینییەكان و داكۆكی لە جوانییەكان بكات. (علیان، 199: ص 24).

كەواتە لە ئەنجامی بەرفراوانبوونی پانتاییەكانی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی، لە نێو نەتەوە و زمان و كولتوور و نەژادە جیاوازەكاندا وایكردووە هەناسەدانێكی ئازاد و گیانێكی سەركێشانە لە ئەدەبەكە ڕەنگبداتەوە، بێگومان ئەدەبیكێش ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت لێرە و لەوی بەرگەی زیاتر دەگرێت و زۆرتر لەسەر پێیەكانی خۆی دەوەستێت، كرۆكی ئەدەبەكەش چۆنیەتی و ستوونییانە هەنگاوی پێشكەوتن هەڵدەگرێت و زیندوو و دەوڵەمەندتر دەبێت.

سەرەڕای ئەوانەی ئاماژەمانپێكرد و باسمانكردن، ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕاستە ئەدەبیاتێكە لە نەتەوە و زمانێكەوە پرژاوەتە سەر نەتەوە و زمانگەلی ترەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئەدەبیاتە وەك پێویست هەموو سنوورەكانی نەبڕیووە، بۆیە دەشێت ئەوە بپرسین ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی پەیامێكی نوێبوونەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە؟ بێگومان لە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی تەواو ڕەچاوی ئەوە كراوە كە ئەدەبیاتەكە لەگەڵ گیانی سەردەم بگونجێت و لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە هەنگاوی نوێبوونەوە بنێت.

بۆ نموونە لە سەردەمی زوودا، ناوەڕۆكی ئەم ئەدەبە سنووردار و لە قاڵبدراو بووە، بەڵام لە ئێستادا سنووربەندی و لە قاڵبدانێكی ئەوتۆی لی بەدیناكرێت، كە ببێتە مایەی لەكەداركردنی ئەدەبیاتەكە، بۆ مەسەلەی ڕوخسار و شێوە و زمان و ژانرە ئەدەبیاتەكەش هەمان شت ڕاستە، بەڵام لە ئێستادا ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی لەسەر چەندین لایەنی هونەریی و ڕوخسار و شێوە و زمانیی و ژانری ئەدەبیی تر گیرساوەتەوە. كەواتە لە ئێستادا ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی هەموو زمان و شێوە و ژانر و ڕوخسارێكی ئەدەبی قبووڵە، لەكاتێكدا لە سەردەمی زوودا، ئەمانە ئەگەر بەمشێوەیەی ئێستا بوونیان هەبووایە بە پێشیلكاری لە بەرامبەر ئەدەبیاتەكەدا لە قەڵەم دەدران.

ئیسلامییزم وەك ڕەوت و فەلسەفەیەكی ئایینی، مرۆڤ بۆ ئاكار و گیانێكی بەرز ئامادە دەكات، تۆوی خۆشەویستی مرۆڤایەتی دەچێنیت، سنوور و بۆشایی و بەربەستەكانی نێوان مرۆڤەكان بەرتەسك دەكاتەوە. دیدی نەتەوەیی لەسەر بنەمای چاوتێبڕێن و داگیركردن تیكدەشكێنیت، لەم ڕوانگەشەوە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی تێڕوانینێكە داكۆكی لە ماف دەكات، بەرگری لە مافە سروشتی و بەدەستهاتووەكانی مرۆڤ دەكات، كە لە لایەن ئافرینەرەوە فەراهەمكراون و لە لایەن مرۆڤەوە لە مرۆڤەكانی تری زەوتكراون. (الامرانی، 1994: ص 144). كەواتە گەڕانەوە بۆ بەهای ڕەسەنایەتی و سازاندنی هەلومەرج و زەمینەی هۆشیاریی و مرۆڤ

سەروەربوون بنەماگەلێك نین هەر ئەدەبی ئیسلامگەریی جەخت لە بوونیان بکاتەوە، بەڵکو ئەم بنەماگەلە بە گیانی ئەدەب دادەنرێن، بۆئەوەی لایەنی ژیاریی ڕاستەقینەی لەسەر بنیات بنرێت. لە پێشتردا ئاماژە و باسی ئەوەمان کرد، کە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی زەمینە لە بارەکەی بەستراوەتەوە بەسەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامەوە، لەهەمانکاتدا ئەم ئەدەبیاتە لەسەرەتادا لەنێو بەشێك لە شیعر و ئەدەبیاتی نەتەوەی عەرەب برەوی دەبێت، بەڵام دواتر شیعر و ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی پەلوپۆ بۆ نەتەوەکانی تریش دەهاوێت، وەك واقعێك لەنێو بەشێك لە شیعر و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوانەی کە ئیسلامن و عەرەب نین بوونی خۆی دەسەلمێنیت.

ئەوەی پەیوەست بێت بە زاراوەی ئەدەبیاتی ئیسلامگەرییەوە، سەردەمەکەی لەلایەن زۆربەی ڕەخنەگر و نووسەرانەوە بۆ سەدەی ڕابردوو دەگەڕێننەوە، پێیانوایە: زاراوەی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە، هەر لەم نێوەندەشدا ئەدەبیاتەکە لە دووتوێی ئەدەبیاتی جیهانیدا زێتر ناسراوە و خەملییووە. زاراوەی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی لە دوو دەیەی سەدەی بیستەمدا بەناوبانگ دەبێت و دەنگدانەوەی دەبێت لە نێو ئەدەبیاتی جیهانییدا، بەدیاریکراو و وردیش لە هەردوو دەیەی ساڵانی هەشتا و نەوەدا. (البازعی و الرویلی، 2000 : ص 19 ).

ئەم دوو ڕەخنەگرەی عەرەب سەرهەڵدانی زاراوەی ئەدەبی ئیسلامگەریی بۆ دەیەی ساڵانی هەشتا و نەوەد دەگەڕێننەوە، بەڵام ئەمە وەنەبێت دوا بیروبۆچوون و دیدگا بێت لەمەڕ سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیەوە، چونکە هەندێکیتر پێیانوایە: ڕەگوڕیشەی ئەم زاراوەیە بۆ ناوەڕاست و کۆتایی ساڵانی شەست و سەرەتای ساڵانی هەفتای سەدەی ڕابردوو درێژ دەبێتەوە، بەتایبەت لەوکاتەی کە جیهانی ماددەگەریی تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنێت و ماندوو و شەکەتی دەکات، لە بەرامبەر ئەمەدا زاراوەی ئەدەبی ئیسلامگەریی وەك دەرچەیەك لەم جیهانە ئاڵۆز و بەرژەوەندخوازە، خۆی بە ئەدەبیاتێك دەناسێنێت، کە گوزارشت لە کرۆکی جیهانی گیانیی مرۆڤەکان دەکات، بەدیاریکراوی ئەدەبیاتی میللەت  و گەل و نەتەوە ئیسلامخوازەکان، لە ڕوانگەی ئەوەی پێویستە ئەدەب لەسەر بنەمای دید و باوەڕێك بونیاد بنرێت، کە بنەما سەرەکییەکەی سوود و کەڵك و خزمەت بێت بۆ مرۆڤەکان، نەوەك تێکشکاندن و پوکانەوەیان.

کەواتە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا کە جیهانی ماددەگەریی زۆربەی شت و بابەتەکانی تەنیوەتەوە، دەبێتە بەرجەستەکەرەوەی جیهانی گیانیی مرۆڤەکان، کە بێگومان بەرجەستەکردنەوەی گیانیی مرۆڤەکان کولتووریکی ڕەسەن و جوان و لەمێژینەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، لێرە و لەوی خەریکە ئەم کولتوورە بەرەو نەمان هەنگاو دەنێت. تێڕوانین و وردبونەوە لەمەڕ گرنگی و بایەخی ڕوخسار، یان ناوەڕۆك بێگومان  پرس و مەسەلەیەکی هەستیاری ئەدەبییە، هەر گرنگی و بایەخدان بە ڕوخسار، یاخود ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبیی، بووەتە بنەمای سەرهەڵدان و بەدیارکەوتن و برەودان بە چەندین تیۆر و میتۆدی ئەدەبیی و ڕەخنەیی. پرس و مەسەلەی ڕوخسار و ناوەڕۆك ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی، هەیە بەدیاریکراوی دەگەڕێتەوە بۆ کتێبە بەنێوبانگەکەی "ئەرستۆ" بەنێوی "شیعرناسی"ـییەوە کە ئەم کتێبە بە نۆبەرەی بەرهەمی تیۆری ئەدەبیی لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەدەبیاتی ئیسلامگەرییەوە، گەر لە ناو و ناونیشانەکە ڕابمێنین دەبینین لە چوارچێوەی ئەم ئەدەبیاتەدا گورزە تیشکەکە لە مەڕ گرنگی و بایەخدان بە ڕوخسار، یان ناوەڕۆك، بێگومان ئاڕاستەی ناوەڕۆك دەکرێت، گرنگی و بایەخدانیش بە ناوەڕۆکی دەقی ئەدەبیی کەمەندکێشمان دەکات بۆ کۆمەڵێك وشە و زاراوە کە پەیوەستن بە دەقی ئەدەبییەوە، وەك پەیام و ئامانج و مەبەست و بابەت و بیر و بیرۆکە و واتا ... هتد. کە هەریەك لەم وشە و زاراوانە کرۆکی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی دەسازێنن، وەك ئاشکراشە گەیاندن و خەملینی هەریەك لەم وشە و زاراوای کە پەیوەستن بە ناوەڕۆکەوە، لە ڕێگای ڕوخسار، یان لایەنی هونەریی دەقەوە دەگەنە چڵە و پۆپە و ترۆپك، چونکە ئاشکرایە ناوەڕۆکێکی جوان و دەوڵەمەند و چێژبەخش پشت ئەستووره بەلایەنی ڕوخسار و فۆڕمەوە، یان لایەنی هونەرییەوە، دەشێت زۆربەی جاریش پێچەوانەی ئەمە ڕاست بێت.

ئەو هاوسەنگییەی کە لە دەقی ئەدەبییدا بوونی هەیە، لە ئەنجامی هاوسەنگکردنی هەردوو تای ڕوخسار و ناوەڕۆکە، بەڵام دەکرێت پرسیاری ئەوە بکەین دەقگەلێکی ئەدەبیی بوونیان هەیە لایەنی ڕوخسارییان بەهێز و پێزترە لە لایەنی ناوەڕۆکییان؟ یاخود بە پێچەوانەی ئەمەوە؟ بێگومان دەقگەلی وا بوونیان هەیە کە لایەنێکیان بەهێز و پێزترە لە لایەنەکەی تر. بە نموونەی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی کە دەبینین لە چوارچێوەی ئەم ئەدەبەدا سەنگەکە لەسەر لایەنی ناوەڕۆکی ئەم ئەدەبیاتە گیروساوەتەوە، هەرچەندە لێکۆڵەر و ڕەخنەگر و تیۆردانەرانی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی بەشێوەیەك لە شێوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە دووتوێی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی هاوسەنگی بەدیدەکرێت لە نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبەکە، بەڵام بە تێڕوانین و وردبوونەوە لەم ئەدەبیاتەدا ئەوەی بەدیدەکرێت لاسەنگییە لە نێوان لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبیاتەکەدا، ئەمەش بە سروشتی ئەدەبیاتەکەوە پەیوەستە، بێگومان نووسەر و ئەدیب و داهێنەرانی ئەدەبی ئیسلامگەرییش تاڕادەیەك بیانووی خۆیان هەیە کە ئەدەبیاتەکە زێتر گرنگی و بایەخ

بە ناوەڕۆك دەدات، نەوەك ڕوخسار و فۆڕم و لایەنی هونەریی، چونکە پێیانوایە: ئەدەب لە کۆمەڵگادا پێویستە کرداری لێبکەوێتەوە، ئەدەب نابێت ئازادیی و لادانی ڕەهای تێدا بەدیبکرێت، بەشێکی ئەدەب کار و پرۆژەکەی بریتییە لە چاکسازیی و بەرگریکردن لە ماف و دادپەروەریی لە نێوان مرۆڤەکان، ئەم ماف و دادپەروەرییە دەبێت لە قووڵایی ئەدەبی ئیسلامگەریی ڕەنگبداتەوە. (عروی، 2009: ص 21).

لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی ئیسلامگەرییدا، پێویستە ئەدیب خۆی بۆ مەسەلە و پرسی ناوەڕۆکی ئەدەبەکە یەکلایی بکاتەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە خۆیەکلاییکردنەوە بۆ یەکتاپەرستیی و پەرستنی خودا و دانان و بەدوا نێردراوی پێغەمبەر "موحەممەد" (د.خ)، ئینجا پابەندبوون بە مرۆڤبوونەوە لەپێناو ئەدەبێکی ئاکاریی کە سوود وکەڵکی بۆ ڕەوتی ژیانی مرۆڤ هەبێت، هەروەها بە ئامانجی گۆڕینی، یان کەمکردنەوە، یاخود لەنێوبردنی گیانی خراپە و شەڕانگێزییە، بەدیهێنانی گیانی چاکە و چاکەخوازیی و یەکترقبووڵکردن.

**3- تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی:**

بەپێی پێودانگی مێژوویی بێت، لە سەردەمی گریکەوە بۆ ئێستا، سەرچاوەی هەرەسەرەکی و هۆکار و پاڵنەری لەپێشینەی تیۆرەکان بریتی بووە لە ئەکادیمیاکان، دەگمەنە تیۆردانەر و تیۆرداڕێژەرێك بدۆزینەوە، کە دەرچووی زانستگا، یان چەند زانستگایەك نەبێت، جا تیۆردانەر و تیۆرداڕێژەری هەر بوار و پسپۆڕییەك بێت، بێگومان هەر خودی ئەم جۆرە تیۆردانەر و تیۆرداڕێژانە ڕۆڵیان هەیە لە برەودان و گەشەسەندنی زانستگاکان. بێگومان سەرچاوەی زۆربەی تیۆرەکانیش بوونی گومان و پرسیار و ئاریشەی قووڵە لە بابەت و شتەکان، دەکرێت هەریەك لە ئێمە درك و هەست بە گومان و پرسیار و ئاریشە بکات، بەڵام دەشێت جیاوازی ئێمە و تیۆردانەر و تیۆرداڕێژەران ئەوەبێت کە ئەوان تیروانین و وردبوونەوە و بەدواداچوونی وردیان هەیە بۆ قووڵایی بابەت و شتەکان، کەچی بینینی ئێمە بۆ ئەو بابەت و شتانە لەوانەیە ڕووکەشانە بێت، وەك پێویست ناپڕژێینە سەر گەوهەری بابەت و شتەکان.

کەواتە چوارچێوە و بازنەی زانستگاکان بەدیهێنەری تیۆرەکانن، هەر ئەم تیۆرانەش چوارچێوە و بازنەی زانستگاکان بەرفراوان دەکەن، وایان لێدەکەن کە لە خاڵێکی چەسپاو و چەقیوو گیرنەخۆن، هەمیشە هەنگاو بنێن بەرەو بزاوت و جووڵە و گۆڕانکاری و وەچەرخان و نوێبوونەوە، لەهەمانکاتدا بەشێکی زۆری تیۆرەکان سەرچاوەی دەوڵەمەندی زانست و زانین و زانیارییەکانن. تیۆری ڕەخنەییش شێوەیەکی جیاوازە لە ڕوانینی زانین، دەشێت خوێنەرێك، ڕەخنەگرێك ئەو ڕوانینەی لە زانین لێ دیاربێت، بەڵام تیۆردانەر و تیۆرداڕێژەرێکی ڕەخنەیی جیاواز لە ڕوانینی ئەو زانینە دەڕوانێت، کە دوورە لە ڕوانینە نەریتییەکە بێئەوەی بەرهەڵستی ڕوانینەکە بکات، بەڵکو ئامێز بۆ ئەو جۆرە ڕوانینە دەکاتەوە.

وەك ئاشکرایە هیچ تیۆرێك، یان تیۆرێکی ڕەخنەیی نادۆزینەوە ئامانج و مەبەست و بنەمایەکی دیاریکراوی نەبێت، بۆنموونە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی بێ ئامانج و مەبەست و بنەما نییە، تیۆرێکە لەسەر چەمکی ئیسلامگەریی بنیاتنراوە، بە چەشنێك خوێندنەوە بۆ گەردوون و ژیان و مرۆڤ بکات و تێگەیشتنی بۆیان هەبێت لە چوارچێوەی ئەدەبدا و لەگەڵیاندا بگونجێت، لە بەرامبەر ئەمەشدا دژایەتیشیان نەکات. (الاحرانی، 2004: ص143). کەواتە یەکێك لە سوود و کەڵکەکانی تیۆری ڕەخنەیی بەگشتی و تیۆری ئیسلامگەریی بەتایبەتی ئەوەیە پەیوەستبوون دێنێتە ئاراوە بە بابەتێکی دیاریکراوەوە، نەوەك بابەتگەلێك کە ببێتە مایەی سەرلێشاوی و پاشاگەردانبوون، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی تیۆرەکان نزیکمان دەکەنەوە لە زانینێکی قووڵ وعەقڵانیی و بابەتییانە، دابڕانمان لە زانینێکی ڕووکەش و ناعەقڵانیی و خودییانە، کە ناواخنی تیۆری ڕەخنەییش لەم ڕوانگەوە بریتی دەبێت لە ستراتیژییەتی ڕەخنەیەکی ژیرانە.

سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی تیۆرە ڕەخنەییەکان لە ئەنجامی هۆشیاریی و زانینی زێترە لە بارەی ئەدەبیاتناسییەوە، ئەم هۆشیاریی و زانینەش هەر بۆ مەبەستی تێگەیشتن نییە، بەڵکو بۆ مەبەستی گۆڕانکاریی و وەرچەرخانیشە، چونکە ئاشکرایە کاتێك تیۆرێکی ڕەخنەیی نوێ سەرهەڵدەدات و بەدیاردەکەوێت و باوی دەبێت، بێگومان لەلایەن تیۆرەکانی پێش خۆی زەمینەسازی بۆ ڕەخساوە، ئەمەش بەو واتایەی تیۆرە ڕەخنەییەکان لەسەر بنەمای ئەوەوە سەرهەڵدەدەن و باویان دەبێت، کە ببنە مایەی تەواوکەری یەکتر و بەردەوامیدان، نەوەك دابڕان و ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی، سەرەڕای ئەمانە سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی تیۆرە ڕەخنەییەکان خستنەڕووی میانەی نێوان زانین و هزر و کردارە، کە لە ئەنجامی ئەمەوە ڕەوایەتی بە پێشکەوتنی بواری تیۆرە ڕەخنەییەکان دەدرێت.

سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی تیۆرێکی ڕەخنەیی نوێ، بە واتای سەرلەنوێ تازەبوونەوەی بەرفراوانبوونی دنیای ڕەخنەی ئەدەبییە و ڕزگاربوونیەتی لە چەقبەستوویی و گیرخواردن. لەکاتێکدا لە دووتوێی تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەریی، کەسانێك هەن

ڕەخنەی ئیسلامگەریی بە ڕەخنەیەکی داخراوی ئەدەبیی تۆمەتبار دەکەن، کە توانای ئەوەی نییە بەڕووی ئاڕاستەی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخدا بکرێتەوە، لەهەمانکاتدا هەمدیسان تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە تیۆرەکە بە تاکڕەوی و پەیوەستبوونی بە دابونەریت و کولتوور دەناسرێتەوە، توانای گۆڕانکاریی و نوێبوونەوە و داهێنانی لە خۆیدا هەڵنەگرتووە. (العانی، 1990: ص 15).

کەواتە ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم بیروبۆچوون و تێڕوانینە لە بارەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی خراوەتەڕوو، پێچەوانەی زۆربەی ئەو بیروبۆچوون و تیڕوانین و بنەمایانەیە کە لە بارەی تیۆری ڕەخنەیی لێرە و لەوی خراونەتەڕوو، بەڵام بە بۆچوون و تێگەیشتنی ئێمە بیروبۆچوون و تیڕوانینی چەند نووسەر و ڕەخنەگرێك نابێتە هۆی لەکەدارکردن و ڕەتکردنەوەی تیۆرێکی ڕەخنەیی، لەکاتێکدا ئەم تیۆرە ڕەگوڕیشە و بناغەکەی لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی دانراوە و مێژووییەکی لەمێژینەی نزیك چواردە سەدەیی هەیە، هەروەك دەزانین هەموو تیۆرێکی ڕەخنەیی تایبەتمەندی خۆی هەیە بڕگە و بنەما و ئامانج و مەبەست و خوێندنەوە و تێڕوانینەکانی دیاریکراو و سنووردارن، هەر ئەمانەشە وایان کردووە کە تیۆری ڕەخنەیی دووچاری پرۆسەی گۆڕانکاریی و وەرچەرخان ڕێکخستنەوە ببنەوە، تیۆرێك لەکاتێکی دیاریکراودا ببێتە شوێنگرەوەی تیۆرێکی تر، کە ئەمانەش وێنەی ڕاستەقینەی تیۆرە ڕەخنەییەکانن بە درێژایی نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ.

تیۆرە ڕەخنەییەکان زێتر بەوە دەناسرێنەوەکە هەریەك لەم تیۆرانە پەیوەستە بە بیرمەند و هزرڤانێك، کە ئەمەش چالاکییەکی چڕی هزرییە، بێگومان لەگەڵ ئەمانەشدا هەر تیۆرێکی ڕەخنەیی چەندین بەند و بار و کۆت و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئەمانە لە دواجاردا وەك مەرج و بنەماکانی تیۆرە ڕەخنەییەکە لە قەڵەمدەدرێن، لە ئەنجامی ئەمانەدا مەسەلەی تێگەیشتن و پێویستی تێگەیشتن لەلایەن وەرگری تیۆرە ڕەخنەییەکە دێتەئاراوە. تیۆرێکی ڕەخنەیی چۆن پەرەی پێدەدرێت و لە برەو و گەشەکردن دادەبێت، ئەگەر وەرگرەکانی خۆیان بۆ گۆڕانکاری و وەچەرخان ئامادە نەکردبێت؟ ئەمەش بەو واتایەی تێنەگەیشتن لە تیۆرەی ڕەخنەییەکان و خۆئامادەنەکردن بۆ گۆڕانکارییەکان لەلایەن وەرگری تیۆرەکانەوە، لەجیاتی ئەوەی بەرەو پێشکەوتن ئاڕاستەمان بکات، بەرەو دواوە دەمانگەڕێنێتەوە، بەمەش گەلێك باس و خواس و پرس و بابەتی ئەدەبیاتاسیی بە هەڵپەسیردراوی و چەقبەستوویی دەمێننەوە، لە هەلومەرج و بارودۆخیکی ئاواشدا بێگومان لەجیاتی ئەوەی کولتووری عەقڵگەریی ڕوو لە هەڵکشان بکات، عەقڵی کولتوورگەریی دەبێتە بنەما و پێوەر بۆ زۆرێك لە مەسەلە و پرس و بابەتە ئەدەبیاتاسییەکان.

هەر لە دووتوێی تیۆرە ڕەخنەییەکان، چەندە جەخت لە ئازادییەکانی نێو ئەدەب بکرێتەوە، بە شان و باڵی هونەریی و جوانیبوون هەڵبدەین، لەدواجاردا ئەدەب بەشێکی پابەندە بە مەسەلەکانی نەتەوە و کۆمەڵگا و خەمێ هزریی و ژیان و گوزەران و بوارگەلی ترەوە. (الساریسیی، 1996: ص 67). ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی گەر بە چاوی عەقڵ لە ئەدەب ڕابمێنین، ئەدەب ئەگەر بە ژیانی مرۆڤەوە پەیوەست نەبێت، ئەی بە چییەوە پەیوەستە؟ هەر خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی گشتی تیۆرەکان لە زانستە جیاوازەکان، نەك هەر لە ئەدەبدا بۆ ئەوە دانراون وەك چالاکییەکی هزری مرۆیی چارەسەری بەشێك لە کێشەکانی ژیان بکات، لە ئەگەری ئەوەی تیۆرەکان بە گشتی و تیۆرێکی ڕەخنەیی بەتایبەتی نەیتوانی کێوماڵی چارەسەری ئاریشەیەك، بابەت و دیاردەیەك بکات، ئەوا بێگومان چەندین دەروازە و دەرگای ترمان بۆ واڵا دەکات کە بتوانین چارەسەرێکی گونجاو دەستنیشان بکەین و بەرجەستەی گرنگی و بایەخی هزر بکەین لە چوارچێوەی ئەو تیۆرەدا.

بەشێوەیەکی گشتی کە باس لە تیۆرە ڕەخنەییەکان دەکرێن، پەیوەست دەکرێن بە داهێنەری دەق، دەق، خوێنەرەوە، بەڵام هەریەکێك لە تیۆرەکان داهێنەری دەق، یان دەق، یاخود خوێنەر دەکاتە چەقی تیۆرەکە، یان بە کۆڵەگەی ئەدەبیاتاسیی لە قەڵەمی دەدەن، ئەوەی لە دووتوێی تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەریی درك و هەستی پێدەکەین بە حوکمی سروشتی تیۆرەکە، تاڕادەیەکی زۆر گرنگی و بایەخ بە دەق دەدرێت، وەنەبێت ئەم گرنگی و بایەخدانە بە دەقیش ببێتە مایەی ئەوەی کە داهێنەری دەق و خوێنەر فەرامۆش بکرین، بەڵکو گرنگی و بایەخدان لە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لە دەقەوە دەپرژێتە سەر داهێنەری دەق و خوێنەری دەقەوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تیۆرەکە زێتر لە سەر بنەمای زانین و فەلسەفەیەکی دیاریکراو ڕاگیرکراوە، کە ئەویش خۆی لە زانین و فەلسەفەی ئیسلام دەبینێتەوە، هەر خودی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییش لەگەڵ ئەم دوو بنەمایە دەژین. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ خوێندنەوەی ئەدەب، یان ڕەخنەی ئەدەبیی بۆئەوەی ئەنجامێکی بابەتیی و زانستییانەی هەبێت، دەبێت لەسەر بنەمای تیۆرێك، یان چەند تیۆرێکی دیاریکراو بێت، دەشێت بپرسین سوود و کەڵکی ئەم هەموو تیۆرانە چیین بۆ ئەدەب و ڕەخنە؟ بێگومان دنیای ئەدەب و ڕەخنە بە فراوانی و پانتاییەکەی دەناسرێنەوە، کە زۆر ئەستەمە هەمووی بەسەریەکەوە خوێندنەوە و

لێکدانەوە و ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، لەم دۆخەدا تیۆرەکان دەبنە ڕۆشنکەرەوەیەك بۆئەوەی لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە بەرفراوانی و پانتاییەکەی ئەدەب، یان ڕەخنە ڕووماڵ بکرێن.

تیۆرەکان کاتێك لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە لە ئەدەب، یان لە ڕەخنە دەڕوانن هەنگاوبەهەنگاو نرخ و بەها بۆ ئەدەب و ڕەخنە دیاریدەکەن و دایدەنێن، لەهەمانکاتدا گرتنەبەری یەکەبەیەکەی ئەم هەنگاوانە ئەدەب و ڕەخنە هێندەی تر دەوڵەمەند دەکەن. لەم ڕوانگەیەوە کە باس لە ئەدەب و ئایین دەکرێت، ئەم ڕوانگەیە پەلکێشمان دەکات بۆ قووڵایی مێژوو، بۆنموونە ئەدەبی کۆنفۆشیوس لە چینی کۆن وەك فەلسەفە و تەنانەت وەك ڕێبازێکی باوەڕ بوونی هەبووە، یان ئەدەبی عیبریی، یان ئەدەبی کلاسیکی ئەوروپی کە بە ئاشکرا وێنەی مەسیحیی تیدا دەبینرێت. (سعدالله،2007: ص 18).

ئەم بیروبۆچوون و تێڕوانینەش لەمە نزیکمان دەکاتەوە کاتێك دەقی ئەدەبیی دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی بیر و ژیاری مرۆڤەکان، چەندین تیۆری ڕەخنەیی بەدوای خۆیدا کەمەندکێش دەکات. بۆنموونە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، زەمینە لەبارەکەی بۆ ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی دەگەڕێتەوە لە سەردەمی زوو و ئێستادا، ئەمەش ئەو گریمانەیە دێنێتەدی، گەر ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی نەبووایە، تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی بوونی ئەستەم بوو.

دەشێت پرسیاری ئەوە بکەین تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ بۆ سەریهەڵدا؟ چۆن سەریهەڵدا ؟ ئایا ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی زەمینەسازی بۆ ئەم تیۆرە کردووە؟ یان تیۆرە ڕەخنەییەکانی تر هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە؟

بێگومان ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی بە مێژووی ئەدەبیی و ڕەخنەی ئەدەبیی قۆناغی چەمك و زاراوەی تێپەڕاندووە لە قۆناغی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی گیرساوەتەوە، بە بۆچوون و تێڕوانینی ئێمە دوو پاڵنەری هەرە سەرەکی هۆکارن بۆ خەملینی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، یەکێك ناوەکییە پەیوەستە بە بوونی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندەوە بەناوی ئیسلامگەرییەوە، جا مەرج نییە ئەم ئەدەبیاتە دەوڵەمەندە ڕاستەوخۆ تەنیا پەیوەست بێت بە ئەدەبی عەرەبییەوە، بەڵکو دەوڵەمەندییەکەی لەوە دایە کە پەیوەستە بە نەتەوە و میللەت و گەلی ترەوە، هەرچەندە لە دەستپێکدا سەرچاوەی بۆ ئەدەبیاتی عەرەبی دەگەڕێتەوە، پاڵنەری دووەمیان هۆکارەکەی دەرەکییە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تیۆرە ڕەخنەییەکانی تر زەمینەیان ڕەخساندووە، بۆئەوەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لە پاڵ تیۆرەکانی تر لە سەرپێیەکانی خۆی بوەستێت، بەڵام هەروەك دەزانین لە سنوور و چوارچێوەیەکدا، چونکە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی تێدەکۆشێت لەپێناو جێبەجێکردنی بەئیسلامیکردنی بەشێکی ئەدەب بە واتا گشتییەکەی، ڕەخنە بە واتا تایبەتییەکەی، جا چ پەیوەست بێت بە ڕوخسارەوە، یاخود ناوەڕۆکەوە، هەرچەندە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی زێتر لەلایەنی ناوەڕۆکەکەی بەرجەستەتر دەبێت، وەك لە لایەنی ڕوخساردا. ئەمانە لەلایەکدا، لەلایەکی تردا تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی تەنیا بۆ ئەوانە نییە کە لە چوارچێوەی ئیسلام دان و تێگەیشتوون، بەڵکو بۆ ئەوانەشە کە ئامادەییان تێدایە ئاڕاستە جیاوازەکانی نێو تیۆرەکان تێبگەن و بڕیاری پێشوەختە نەدەن بۆ ڕەتکردنەوەی تیۆرەکە. (احمد، 2012: ص196).

بەم پێودانگە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی تیۆرێکە ڕەگوڕیشەیەکی جووت لایەنەی هەیە بەتایبەت لە ڕووە جیۆگرافیی و ئایینیی و کولتوورییەکەیەوە، یەکیك لە ڕەگوڕیشەکەی سەر بە دنیای ڕۆژهەڵاتە، کە لە ئەدەبی ئیسلامگەرییەوە چەکەرەیکردووە، ڕەگوڕیشەکەی تریان سەر بە دنیای ڕۆژئاوایە، کە بە زەمینەسازی چەندین تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا، تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی سەریهەڵداوە و ئاشکرا بووە و چەسپاوە.

بۆ ئەم مەبەستە دەبینین بەشێکی دیاریکراو لە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی تۆماکی لە میتۆدی ڕەخنەی ڕەوشتیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و دەروونیی وەرگرتووە، لەبەرامبەر ئەمەشدا تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لە گەڵێك ڕووەوە لە تیۆرە ڕەخنەییەکانی سەر بە دنیای ڕۆژئاوا تەواو جیایە و لەیەکتر ناچن.

تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی دەقاودەق گواستنەوەی تیۆرە ڕەخنەییەکانی پێش خۆی نییە، وەك ئاماژەمان پێدا لە هەندێك ڕووودا لەوانەیە لە یەکتر بچن، بەڵام لە هەندێکی تردا تەواو ناکۆکن، کە بێگوومان ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەریی تیۆرێکی هەڵبەستراو و نارەسەن و قەڵپ نییە، خاوەن بنەما و پێگە ئامانج و سنووری تایبەتی خۆیەتی، ئەمەش واتای ئەوە نییە سوود و کەڵکی لە تیۆرەکانی پێش خۆی وەرنەگرتووە. کەواتە تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەریی گوتاریکی ڕەخنەییە پێکهاتە و پێڕەو و بەرنامەی تێکەڵ لە خۆی دەگرێت، کە ئەم تێکەڵییە نەبۆتە مایەی لەیەکترترازان، بەڵکو بۆتە مایەی خەملینی تیۆرەکە. (الحمیری، 2009: ص 9 ).

تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لەڕووی ڕۆژگار و سەردەمیشەوە دابەشکراوە، بەشێکی پەیوەستە بە ڕۆژگار و سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامەتییەوە، تاوەکو سەدەی نۆزدەیەم کە لە ئەدەبەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەویتریان پەیوەستە بە ڕۆژگارەکانی

سەدەی بیستەمەوە، کە بەپێی تێڕوانین و وردبوونەوەی ئێمە ئەم سەدەیە تاکو ئێستا بە سەدەی زێرینی تیۆری ڕەخنەیی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت، کە ئەم مەبەستە ڕاستە تیۆرەکان لە یەکتر جیان، لە گۆشەنیگای جیاوازە لە دەق، نووسەر، خوێنەر، دەڕوانن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تیۆرەکان دەبنە ڕێگاخۆشکەر بۆ سەرهەڵدان و برەوی تیۆری تری ڕەخنەیی.

هەر لە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، دەکرێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا ئەم تیۆرە دەچێتە چوارچێوە و سنووری ئەو تیۆرانەی کە بە "ناوکۆییخوازیی= کۆنتیکستخوازیی" دەناسرینەوە؟ یان دەچێتە چوارچێوە و سنووری ئەو جۆرانەی کە بە "دەقخوازیی= تێکستخوازیی" دەناسرێنەوە؟ وەك ئاشکرایە لە "ناوکۆییخوازیی= کۆنتیکستخوازیی" دا گرنگی و بایەخ بە داهێنەری دەدرێت، ئینجا دەق و دواتر خوێنەر، کە ئەم تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییانە بەوە دەناسرێنەوە کە لە لایەنی دەرەکییەوە لە دەق دەڕوانن و خوێندنەوەی بۆ دەکەن، بەڵام لە "دەقخوازیی= تێکستخوازیی"دا گرنگی و بایەخ بە ڕادەی یەکەم بە دەقەکە دەدرێت، ئینجا بە خوێنەر، داهێنەری دەق لێرەدا پێگەیەکی ئەوتۆی پێنەدراوە، بۆیە ئەم تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییانە بەوە دەناسرێنەوە کە لە لایەنی ناوەکییەوە لە دەق دەڕوانن و خوێندنەوەی بۆ دەکەن.

کەواتە لە ئەنجامی ئەوانەدا تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەریی دەکەوێتە کام چوارچێوە و سنوورەکانی ڕەخنەی تیۆرییەوە؟ بە تێڕوانین و تێگەیشتنی ئێمە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی تیۆرێکە دەچێتە چوارچێوە و سنووری ئەو تیۆرە ڕەخنەییانەی کە بە "ناوکۆییخوازییەوە= کۆنتیکستخوازییەوە" ناسراون، هەم دەچنە چوارچێوە و سنووری ئەو تیۆرە ڕەخنەییانەی کە بە "دەقخوازییەوە= تێکخستخوازییەوە" ناسراون، بێگومان ئەمەش نیشانەیەکی جیاکەرەوەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییە لە زۆرێك لە تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەکانی تر.

کەواتە لەدووتوێی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی تێڕوانین و بیرۆکە دەربڕینەکان وەك زۆربەی تیۆرە ڕەخنەییەکانی تر بە ئاڕاستەی ڕەخنە و چارەسەرکردن و شیکردنەوەیە، نەوەك شاردنەوە و کپکردنیان. (عطیە، 2010: ص 48). یەکێك لەو بنەما بەهێزانەی کە تیۆرێکی ڕەخنەیی، یاخود هەر جۆرێکی تر ئیشی بۆ دەکات بریتییە لە درکپێکردن و هەستکردن بە ئاریشەیەك لە لایەن بیرمەند و زانا و فەیلەسووفێکەوە، هەوڵ و تێکۆشانی هەریەك لە مانە لەچوارچێوەی تیۆرێکدا بۆ دەستنیشانکردن و تاڕادەی چارەسەرکردنی ئاریشەیەك لە شوینکاتێکی دیاریکراودا.

لە دووتوێی ئەدەبی ئیسلامگەریی و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییدا، پرس و باس و خواسی گوتار دێتە ئاراوە، لە ڕوانگەی ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و ڕەخنە و تیۆرە ڕەخنەییەکان پەیوەندییەکی نەبڕاوەیە و بەردەوام و هەمیشەییە، ئاشکرایە بەبێ بوونی ئاسۆی ڕەخنەیی ئەستەمە بتوانرێت وێنای دەقێکی داهێنەرانەی ئەدەبیی بکەین، بۆیە تیۆرە ڕەخنەییەکان دەبنە مایەی ڕزگارکردنی دەقی ئەدەبیی لە گۆشەگیریی و خۆخواردنەوەی دەق، هەر لەم چوارچێوەیەدا هەندێکجار گفتوگۆ و مشتومڕی ئاوا دێتە ئاراوە کە تێڕوانینە ڕەخنەییەکان و تیۆرە ڕەخنەییەکان دەبنە سەرچاوەی بەپێزی دەقە ئەدەبییەکان، لەبەرامبەر ئەمەدا ئاڕاستەیەکی تر پێچەوانەی ئەمە بیردەکاتەوە و پێیوایە: ئەوە دەقە ئەدەبییەکانن دەبنە سەرچاوەی خەملینی تێڕوانینە ڕەخنەییەکان و تیۆرە ڕەخنەییەکان. بۆنموونە بابەتەکەی خۆمان دەکەینە نموونەیەکی نزیك و زیندوو کە پەیوەستە بە خودی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییەوە، دەشێت بپرسین تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی هێنا ئاراوە؟ یان ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی هێنایە ئاراوە؟ بێگومان دەقە ئەدەبییەکانی ئیسلامگەریی بوونەتە مایەی سەرهەڵدانی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی. لێرەدا پەیوەندی نێوان سۆزداریی و عەقڵداریی لە دووتوێی ئەدەبیاتاسیی دێتە ئاراوە، مەبەستمانە بڵێین: هەلومەرجە سۆزدارییەکان کە زێتر گوازرشتن لە دەقە ئەدەبییەکان، بوونەتە مایەی سازاندنی هەلومەرجە عەقڵدارییەکان، کە زێتر خۆیان لە تێڕوانینە ڕەخنەییەکان و تیۆرە ڕەخنەییەکان بەرجەستە دەکەن، ئەم بارودۆخە نەك بۆ ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنە ئیسلامگەریی دەشێت ڕاست و دروست بێت، بەڵکو دەشێت بۆ بارودۆخی ئەدەبیات و تیۆری ڕەخنەی تریش ڕاست و دروست دەرچێت.

هەر لەدووتوێی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییدا، گوتاری ئیسلامگەرییش دێتە ئاراوە، هەندێك لایەن پێیانوایە: ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی بوونەتە زەمینەیەکی لەبار بۆ بەدیارکەوتن و سەرهەڵدانی گوتاری ئیسلامگەریی، هەندێکی تر هاوکێشەکە تاڕادەیەك ئاوەژوو دەکەنەوە پێیانوایە: گوتاری ئیسلامگەریی بەشێك لە بەرهەم و داهێنانەکەی بریتی بووە لە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی. لە قۆناغی بەر لە گوتاردا هەندێك شت و بابەت بە نادیاریی و پەنهانیی ماونەتەوە، لە قۆناغی گوتاردا بە پێویست دەزانرێت ئەو شت و بابەتانە ئاشکرا بکرین و ڕابگەیەندرێن، ئەمەش بە مەبەستی پڕکردنەوەی هەر کەلێن و درزێك ئەگەر بوونی هەبێت، لەهەمانکاتدا خوێنەر، یان وەرگر بەتەواوی ئاگاداری وردەکاری و

تایبەتمەندییەکان دەبێت، ئەمەش لە ڕوانگەی گرنگی و بایەخدان بە زانینەوە و پەڕاوێزخستنی شت و بابەتی لابەلا و ناجۆر، کە وەرگر تاڕادەیەکی زۆر متمانەی بە ئەنجامەکان دەبێت و پێیان قایل دەبێت. (احمد ،ص96).

کەواتە کەم تا زۆر بەرهەمە سۆزداریی و هەستییەکانی مرۆڤ، بەیەکترەوە بەستراونەتەوە، ئەم پەیوەندی و بەیەکتربەستنەوەی نێوانیان دەبێتە مایەی داهێنانی هزریی و زانین و هەستکردن بەچێژ.

تیۆرە ڕەخنەییەکان، کەم تا زۆر هەڵگری چەندین نهێنی و لایەنی تاریك و شاراوەن، هەموو کات و هەموو وەرگرێك ناتوانێت ڕاستەوخۆ لێیان تێ بگات و وردەکارییەکانیان بزانێت، بەمەش تاڕادەیەك کەلێن و درز لە نێوان تیۆرەکان و خوێنەر و وەرگران دروست دەبێت، بەڵام وەنەبێت ئەم دیاردەیە کە پەیوەستە بە تیۆرەکانەوە بەبێ چارەسەرەی مابێتەوە، بەڵکو ئەوە کەسانی شارەزا و پسپۆڕی بوارەکەن شان دەدەنە بەر ڕاسپاردە و بەرپرسیاریەتی زانستیی بۆئەوەی تا بکرێت ئەو دابڕانەی لە نێوان تیۆرەکان، خوێنەر و وەرگرەکان دروست بووە لە ڕوانگەی پەیبردن بە زانینەوە کەمی بکەنەوە، یاخود نەیهێڵن.

بۆیە پەراوێزخستنی تیۆرەکان و تێنەگەیشتنیان یەکسانە بە بەرهەمنەهێنان. بە واتایەکی تر پچڕانی پەیوەندی نێوان تیۆرێکی ڕەخنەیی بە تیۆرەکانی تر، یاخود پچڕانی پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبیی و تیۆرە ڕەخنەییەکان، بەمەش تاڕادەیەکی زۆر دەقە ئەدەبییەکان دەکەونە ژێر گوشاری نابابەتیبوونەوە. (احمد، 2012: ص96).

لە ڕوانگەی ئەمەوە کاتێك تیۆری ئیسلامگەریی، یان هەر تیۆرێکی تری ڕەخنەیی چەکەرە دەکات و دەخەملێت دەیەوێت بابەتیبوون بکاتە پێوەر، ڕۆحی ئەدەبیاتەکە بەدیاربخات، ئەو ڕۆحە بەرجەستەکەری جوانییەکان بێت، نەوەك خنکێنەری بێت. کەواتە تیۆری ئیسلامگەریی وەك تیۆرێکی ڕەخنەیی ناکۆکە لەگەڵ ئەدیب، نەوەك ئەدەب بەدیاریکراوی ئەو ئەدیبەی ئەدەب بە ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی دەکات، بۆ ئەمەش ئایین و پرس و مەسەلە ئایینییەکان دەکاتە پاڵپشتی کارەکانی، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە تیۆری ئیسلامگەریی جەخت لەوە دەکاتەوە بەشێك لە ڕێگا و ڕێچکەکانی ئایین و ئەدەب دەچنەوە سەریەکتر، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەردوو بوارەکە ڕێگا و ڕێچکەگەلی تایبەت و جیاوازییان هەیە، ئەگەر تیۆری ئیسلامگەریی جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرجەم سەرچاوە و بنەما ئایینییەکان لە دەقێکی ئەدەبی دەبێت ڕەنگبدەنەوە، بەبێ گوێدانە بنەمای ئەدەبیبوونی دەقێك، ئەوا لە دۆخیکی ئاوادا, کاریگەری هێندە بۆ دەقە ئایینییەکە نەهێشتۆتەوە، هەم دەقە ئەدەبییەکەشی پەڵەدار و لەکەدار کردووە.

دەتوانین بڵێین: تیۆری ئیسلامگەریی لەگەڵ ئەوەدا نییە سەرلەبەری دەقی ئەدەبیی لە بنەمای ئەدەبیبوون و هونەرییبوون بێناز بکات، دەق دابماڵرێت لە جوانیی و چێژ، بۆ ئەم مەبەستە تیۆری ئیسلامگەریی درك و هەستی تەواو بەو مەسەلە و بابەتە کردووە لەچوارچێوەی سەرچاوە و بنەما ئایینییەکان ستراتیژییەتی هۆشیاریی بوونیان هەیە، پێویستە ئەم هۆشیارییە لەدووتوێی دەقی ئەدەبیی ڕەنگبدەنەوە.

تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، وەك هەر تیۆرێکی تر ڕووبەڕووی چەندین تیڕوانین و بیروبۆچوون و گۆشەنیگای جیاواز بۆتەوە، بە تیۆرێکی ناتەواو و نالۆژیکیی و ناهزرییانە لە قەڵەمدراوە. پێیانوایە: سەرچاوەی ئەم تیۆرە بریتییە لە پەرچەکرداریکی نابەجی و کەفوکوڵ و هەڵچوونیکی لەخۆوە و ڕەفتارێکی نائاوەزانە و گوتاریکی ئایدیۆلۆژییانە، لێرەدا هەموو ئەو تیڕوانین و بیروبۆچوون و گۆشەنیگایانە، کە بەشێوەیەکی نەرێینانە خوێندنەوە بۆ تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی دەکەن، نیشانە و دەربڕی ئەوەیە کە ئەم تیۆرە ڕەخنەییە بوون و کاریگەریی و بنەما و ئامانجی خۆی هەیە.

بەهای تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لەوە دایە ڕوح بخاتە جووڵە، نائامادەیی و بەتاڵی لە ڕۆح دەربچێت بۆ ئاڕاستە و بنیاتنانی ڕۆح، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر هاندانی ڕەفتاری مرۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی چاکەخوازییەکان. (سعد، 2008، ص123).

گەر لەم تێڕوانین و جەختکردنەوەیە وردبینەوە کە لە بارەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی خراوەتەڕوو ئەوا بۆمان ڕووندەبێتەوە ڕەگوڕیشەی ئەم تیۆرە بۆ بنەماکانی فەلسەفەی ڕەخنەی گریك دەگەڕێتەوە بەتایبەت تێڕوانین و تێزەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ، بەدیاریکراویش ئەفلاتون کە شیعر دەبەستێتەوە و پابەندی بنەما ڕەوشتییەکانی دەکات، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش شیعر پەسەند دەکات، بێگومان ئەم بنەما ڕەوشتییەش بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان لە نێو پانتایی دەقە ئەدەبییەکان ڕەنگیانداوەتەوە و بەشێوە و شیوازی جیاجیا خۆیان پیشانداوە، بۆ ئەم مەبەستە دیارترینیان مەسەلە و بابەت و ململانیی نێوان چاکەکاریی خراپەکارییە، کە ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە ژیانی مرۆڤەوە و لەهەمانکاتدا بەرجەستەکردنی لایەنی کەتوارییخوازانەی ویژدانی مرۆڤ و بەهای مرۆڤایەتییە.

زانین و ئاوەز دەقی ئەدەبیی و تیۆرە ڕەخنەییەکان بەیەکترەوە گرێدەدات، هەرچەندە هەندێك بیروبۆچوون نکۆڵی لە بوونی زانین و ئاوەز دەکەن لەدووتوێی دەقی ئەدەبییدا، پێداگری لەوە دەکەنەوە کە دەقی ئەدەبیی تەنیا بارگاوییە بە هەست و نەست و مەسەلە سۆزدارییەکان، بەڵام ئەم دید و بۆچوونە بەشیکی پەڵە و هەڵەیە ئەستەمە دەقێکی ئەدەبیی بدۆزینەوە بەتاڵ بێت لەلایەنی زانین و ئاوەز و تەنانەت هزر و بیرکردنەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە دەقی ئەدەبیی سەرلەبەری بارگاوییە بە لایەنی زانین و ئاوەزو هزرەوە، بەڵام بەو واتایە دێت کە دەقی ئەدەبیی بە ڕێژەیەك زانین و ئاوەز و هزر و بیرکردنەوەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، گەر ئەم ڕێژەیە بەراورد بکەین بە ڕێژەی بوونی زانین و ئاوەز و هزر و بیرکردنەوە لەدووتوێی تیۆری ڕەخنەییدا، ئەوا بێگومان لە مەسەلە و بابەتە تیۆرە ڕەخنەییەکاندا ڕێژەکە بەرزترە و لە زۆر وێستگەی تیۆرە ڕەخنەییەکاندا زانین و ئاوەز و هزر و بیرکردنەوە قسە و لێدوانیان هەیە و بابەتەکان یەکلادەکەنەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات کاتێك ئاشنایەتی لەگەڵ تیۆرێکی ڕەخنەیی پەیدا دەکەین، دەشێت ئەو تیۆرە ڕووبەڕووی ئێرامانێکی قووڵ و گۆشەنیگا و دیدگایەکی نوێمان بکاتەوە.

بۆیە لەم ئێوەندەدا پەیوەندی ئێوان دەقی ئەدەبیی و تیۆرە ڕەخنەییەکان لە برەودا دەبێت، چونکە لەهەردوو کایە ئەدەبیاتاسییەکەدا زانین ئاوەز و هزر و بیرکردنەوە ڕەنگدەدەنەوە کەم تا زۆر هەردوو کایەکە ئاڕاستە دەکات، دەشێت بپرسین دەقی ئەدەبیی پێش تیۆرێکی ڕەخنەیی سەرهەڵدەدات؟ یاخود بەپێچەوانەوە تیۆرێکی ڕەخنەیی زەمینەسازی دەکات بۆ ئەوەی دەقێکی ئەدەبیی لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرێکی ڕەخنەیی دیاریکراو بچنرێت؟ بێگومان لە وەڵامی ئەم دوو پرسیارەدا ناتوانین پرسیاریکیان بەسەر پرسیارەکەی تر بچەسپێنن، چونکە لە چوارچێوەی ئەدەبیاتاسییدا هەلومەرج و دۆخی هەردوو پرسیارەکە زەمێنەی لەباری بۆ ڕەخساوە و فەراهەمکراوە.

لێکۆڵینەوەی ئێمە لە بارەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییە، هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لقێکە لە ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی، کە لە ڕێگای بەشێك لەم تیۆرە بایەخ بە هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکانی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی دەدرێت. (الگیلانی، 1987: ص 141). سەرەڕای ئەوەی  تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی گرنگی و بایەخ بە ڕوخسار و ناوەڕۆکیکی هونەریی و پتەو دەدات، لە هەمانکاتدا مەبەستییەتی لەمە بەدواوە دەقی ئەدەبیی ڕۆڵی هەبێت لە بونیادنانی پەیوەندییەکی دروستی ئێوان تاك و کۆمەڵگا، قووڵکردنەوەی پەیوەندی ئێوان مرۆڤ و خوا، کە بەشێك بە ڕەهایی نکۆڵی لەم پەیوەندییە ڕاستەقینەیە دەکەنەوە، لە بری ئەمانەدا واتا پەیوەندی ئێوان تاك و کۆمەڵگا، مرۆڤ و خوا، بانگەشە و ڕەوایەتی بە پەیوەندی ئێوان تاك بە کۆمەڵێك نیشانە و هێما، پەیوەندی ئێوان مرۆڤ و شت و کاڵاکان دەدرێت، کە بێگومان ئەمەش پەیوەندی و پەیوەستبوونیکی لەرزۆك و ناتەندروست و کاتییە، لەجیاتی ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت لە بونیادنانی کۆمەڵگا، لە هەندێك دۆخدا کۆمەڵگا بەرەو داڕووخان و داڕمان دەبەن.

پێز و ڕەسەنایەتی هەر لایەنیکی تیۆریی و لەهەر زانست و بوارێکدا بێت بە وە شەتەکدراوە،  تا چەند ئەو تیۆرە ڕاستی و دروستی دەسەلمێنرێت و کاریگەری بەجێی دەبێت بەسەر زانست و بوارەکەوە، هەر ئەو ڕاستی و دروستی و کاریگەرییە بەجێییەیە، کەوا دەکات تیۆرێك بۆ ماوەی سەردەمێکی زۆر بە زیندوویی بمێنیتەوە. بۆ ئەم مەبەستە گەر زاراوەی تیۆر بۆ زمانی کوردیی وەربگێرین لەوانەیە واتایەکی پڕ بە پێستی ئەم زاراوەیەمان چنگ نەکەوێت، بەڵام لە بەرامبەر تیۆردا ئێمەی کورد هەندێکجار بیردۆز، هەندێکجاری تریش گریمانە و شیمانە بەکاردێنین، گەر لە واتای یەکەمدا "بیردۆز" وردبینەوە بیرکردنەوەمان بۆ ئەوە دەچێت کە بیر و هزرێکی نوی دۆزراوەتەوە و ئاشکرا کراوە، گەر لە واتای دووەمیش "گریمانە و شیمانە" وردبینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە لە خودی زاراوەی تیۆر تاڕادەیەك زۆر بە بەراورد بە وشە و بیردۆز دوور کەوتووینەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە ناگەیەنێت کە هەردوو وشەی گریمانە و شیمانە لە ڕووی واتاییەوە پەیوەندی لەگەڵ تیۆر و تەنانەت بیردۆزیش نەپچڕاوە، چونکە ئەو گریمانە و شیمانانەی کە لە دوێنی و ئەمڕۆدا هەبوون و هەن، ڕێخۆشکەرن بۆ گریمانە و شیمانەی ئایندە. ئەمەش بەو واتایەی تیۆرەکان، گریمانە و شیمانەکان تۆوماکی نوێبوونەوە و بەردەوامییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە.

هەر سەبارەت بە تیۆر و تیۆر ڕەخنەیی، بێگومان بەزۆرەملی گونجاندن و پەیوەستکردن و بەستنەوەی تیۆرێکی ڕەخنەیی بە دەقێکی ئەدەبییەوە، یاخود بە پێچەوانەوە، کارێکی نازانستیی و نابابەتیانەیە، لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا دەقە ئەدەبییەکە زۆرتر و کەمتر، یان تیۆرە ئەدەبییەکە زۆرتر و کەمتر، یاخود هەردووکیان  لەکە و پەڵە  دایاندەگرێت و دەبنە ڕەواندنەوەی جوانییەکان، سەرچاوەی ئەو لەکە و پەڵە و قوربانیبوونەی چ دەقە ئەدەبییەکە، یاخود تیۆرە ڕەخنەییەکە، لە دواجاردا خراپ بیرکردنەوە و تێگەیشتنی نووسەرێکە، یاخود لێکۆڵەرێکە، کە ڕۆڵی نابەجێی بینیوە، لە بەلاڕێبردنی بنەمای بابەتیی و زانستییبوون، چونکە لە پێناو

ناساندنی تێڕوانین و بیروبۆچوونە خودییەکان، دەقە ئەدەبییەکەی لەکەدار کردووە، یاخود بە پێچەوانەوە تیۆرە ڕەخنەییەکەی بەمر دەردەوە بردووە.

لە پاڵ ئەمانەدا هەروەك دەزانین تیۆرە ڕەخنەییەکان چوارچێوە و بنەمای ناچارکەر و زاڵبوون و جڵەوگیرییان تێدا بەدیدەکرێت، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر پشت ئەستوورن بە گوتاری بیرکردنەوە و ئاوەزمەندییەوە، کە ئەمەش بەشێکی لە پێناوی ئەوە دایە دەقە ئەدەبییەکان ڕزگاریان بێت لە هەست و نەست و هەڵچوون و بیرکردنەوە خودیی و ئارەزووبازییەکانی خوێنەرێك، نووسەرێك، ڕەخنەگرێك، یاخود لێکۆڵەرێکەوە، کە مەبەستییەتی تاکلایەنانە و بەزۆرەملی خوێندنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و ڕاڤە و شیکردنەوە بۆ دەقێکی ئەدەبیی بکات، لە ئەنجامی ئەمەشدا هیچ هاوسەنگییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت لەدووتوێی زانستی ئەدەبدا، دەشێت لەڕێی پەنابردن بۆ تیۆرێکی ڕەخنەیی بەشێوازیکی هەڵە چەندین دەقی ئەدەبیی چێژ و جوانیی و هاوسەنگییەکانیان لە دەست بدەن.

وەك چۆن تیۆرە ڕەخنەییەکانی تر ڕێسا و پێوەرە و بنەمای تایبەتییان هەیە، بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان، بەهەمان شێوە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییش ڕێسا و پێوەر و بنەمای خۆی هەیە، بۆ ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە دەکەونە تخووبی ئەو تیۆرەوە، بۆ ئەمر مەبەستە ناکرێت ڕکێفی ئەمر تیۆرە بەسەر دەقە ئەدەبییەکەوە بسەپێنرێت، بەبێ ڕەچاوکردنی سەردەمر و پێشکەوتن و گۆڕانکاری و وەرچەخانەکان. ئاشکرایە هەلومەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و ڕامیاریی و پێشکەوتنە هزرییەکان هاوەڵی ئەدیب و دەقی ئەدەبیی دەکەن لە گەشت و گەڕانێکی دوورودرێژدا. (امهاوش، 2010: ص 42).

بەمر پێودانگە بێت لەدووتوێی تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەرییدا، کاتێك ئەدیب دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەلومەرجە جۆر بەجۆرەکان، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت بەسەر دەقە ئەدەبییەکە، بۆیە لێرەدا داهێنەری دەق، لەگەڵ دەقدا دووانەی لەیەکتر دانەبڕاون، ئەمەش بەو واتایەی ئەدەب دەبێتە سەکۆیەکی پتەو و بۆ ڕەنگدانەوەی لایەنە کەتوارییە جۆربەجۆرەکان.

لیکۆڵەران لەسەر ئەوە کۆك و هاوڕان، کە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی کەڵکی لە ئەزموونی ئەدەبی کۆن و نوێی ئیسلامگەریی وەرگرتووە، هەر خودی ئەمر تیۆرە ڕەخنەییەش بەرەنجامی ئەو پاشخانە ئەدەبییەیە، ئەمەش بەو واتایەی ئەو بەرپرسیارێتی لە هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی و مەعریفەیەی کە لە تیۆرەکەدا ڕەنگیداوەتەوە بەدڵنیاییەوە بۆ ئەدەبیاتەکە دەگەڕێتەوە و تیۆرەکە لییەوە سوودمەند بووە.

بۆیە دەشێت چەندین هۆکار و دۆخ و هەلومەرج ببنە مایەی زەمینەسازی ئەدەبیاتێك، ژانرێك، دەقێك، ... هتد. بەهەمان شێوە چەندین هۆکار و دۆخ و هەلومەرج زەمینە بۆ سەرهەڵدانی تیۆرێکی ڕەخنەییش سازدەکەن. کەواتە فرەیی لە تیۆرە ڕەخنەییەکان واڵاکردنی دەروازەیە بەڕووی دەقە ئەدەبییەکان لە شوێنکاتە جیاوازەکان، بۆئەوەی لە گۆشەیەکی تەسك و تاریکەوە خوێندنەوە بۆ دەقە ئەدەبییەکان نەکرێت، کە بێگومان لە گۆشەیەکی ئاوادا واتا و لایەنە هونەرییەکانی دەق و سەرکوت دەکرێن و خودی دەقەکە دووچاری هەرس دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئامادەیی تیۆرە ڕەخنەییەکان پێویستییەکی هەمیشەییە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە هەریەك لەمر جۆرە تیۆرە ڕەخنەییانە هۆکارن بۆ ئەوەی لە گۆشەی بەرفراوان و ڕووناکەوە خوێندنەوە بۆ دەق بکەن، لە ئەنجامی ئەمەشدا بەرەو قووڵاییەکانی دەق ئاڕاستەمان دەکەن و نزیکمان دەکەنەوە لە گەیشتن لە بەهاکانی دەقبوونی ئەدەبیی.

هەڵبەتە ئەوەی پەیوەندی بە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییشەوە هەیە پشت بەدوو کۆڵەگەی سەرەکی دەبەستێت یەکێکیان ڕێسا و بنەماکانی ئیسلامییزمر، ئەویتریان مەرجەکانی فەراهەمبوونی دەقی ئەدەبیی. (رحمانی، 2004: ص 126 ).

گەر لەمر بیروبۆچوون و تێڕوانینە وردبینەوە کە لەمەڕ تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی خراوەتە ڕوو، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە چوارچێوەی ئەمر تیۆرە سازش و نکۆڵی لەسەر فەراهەمبوون و هاتنە جیی لایەنی هونەرییەکانی دەقی ئەدەبیی نەکراوە، بێگومان ئەگەر ئەمر تیۆرە، یاخود هەر تیۆرێکی ڕەخنەیی تر سازش و نکۆڵی لە لایەنە هونەرییەکان دەقی ئەدەبیی بکات، خودی تیۆرەکە بە مردوویی لە دایکدەبێت و هیچ بنەما و ڕێسا و پێوەر و ئەرزشێکی ڕەخنەیی لێ نایەتەجی، چونکە ئاشکرایە هەر ئەمر لایەنە هونەرییانەی دەقی ئەدەبییە، کە بەرەو داهێنان ئاڕاستەی دەکەن و دووریدەخەنەوە لە دەستیوەردانی سوان و جووینەوە.

دەشێت یەکێك لە هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی پەیوەست بێت بە ململانێی نێوان دنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، لەکاتێکدا ململانییەکە ناهاوسەنگی تێدا بەدیدەکرێت و پارسەنگەکەی لە بەرژەوەندی دنیای ڕۆژئاوا دایە لە زۆربەی ڕوو و لایەنەکاندا، یاخود دەکرێت ڕاستتر بڵێین: تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی یەکێکە لە لێکەوتەکانی "ڕۆژئاواناسیی" کە خوێندنەوە و وردبونەوەی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتییەکانە لەمەڕ ڕۆژئاواییەکان، هەرچەندە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژئاواناسیی بۆ سەرەتا، یاخود ساڵانی سێ سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەرییش بۆ کۆتایی، یاخود ساڵانی

هەشتا و نەوەدی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، ئاشکرایە چ ڕۆژئاواناسییەکە بێت، یاخود تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەریی بێت مەسەلە و پرس و بابەتە هەستیارەکانی وەکو هەست و نەست و ئارەزوو و هزر و تێڕوانین ڕەخنەییەکان، تەنانەت ئایین و جیۆگرافیا و کولتوور و مێژوو ... هتد، تاڕادەیەکی زۆر هەردوولایان بەیەکترەوە کۆکردۆتەوە، هۆگریی و سەرگەرمیی مرۆڤەکان پیشاندەدات، بۆئەوەی هەنگاوبەهەنگاو لە داهێنان نزیکببنەوە ئەمانە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە شوێنکەوتوو و پشتگیرکەرانی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی هەمیشە بەردەوام ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی وەڵامدانەوەیەکە بۆ بەشێك لە قوتابخانە و ڕێباز و ئەدەبییەکان و بەشیك لە میتۆد و تیۆرە ڕەخنەییەکان، وەك بوونگەریی، بوونگەرایی، مارکسیزم، ڕەخنەی دەروونشیکاری فرۆیدیی، کویر و ... هتد. ئاشکرایە ئەم قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییانە و ئەو میتۆد و تیۆرە ڕەخنەییانە بۆ دنیای ڕۆژئاوا دەگەڕێنەوە،گەر بێتە سەر مەسەلەی پێشبرکی و ململانی و ململانێکاری وەك چۆن ڕەوت و شەپۆلی ڕۆژئاواناسیی لە هەمبەر ڕۆژهەڵاتناسیی کورتیهێنا، بەهەمان شێوە ئەستەمە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی بتوانێت بەرگەی لێشاو و فشاری ئەو میتۆد و تیۆرگەلییەی دنیای ڕۆژئاوا بگرێت، سەرەڕای ئەوەی ئەستەمە سەرلەبەری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتیی لەژێر ڕۆشنایی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی، گورزەتیشکی خوێندنەوە و لیکۆڵینەوەی ئاڕاستە بکرێت، بۆیە میتۆد و تیۆرەکانی سەر بە دنیای ڕۆژئاوا کەم تا زۆر سوود و کەڵکی فرە بە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی دەبەخشن.

وەك چۆن ئەدەبی ئیسلامگەریی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی خاڵی هاوبەشیان لە هزر و سۆز و وێنەی هونەریی و ئێستاتیکای شیواز ئاواز و ڕەزم و سەروا... هتد هەیە، بەهەمان شێوە تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی چەندین بنەما و ڕێسا و تیڕوانینی هاوبەشی هەیە، لەگەڵ تیۆرە ڕەخنەییەکانی تر، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی خۆیان و لایەنی سەر بەخۆییان. (عبود، 1992: ص 48).

بەم پێودانگە تیۆرە ڕەخنەییەکان بە هۆشیارییەکی جیاوازەوە هەقیقەتی دەقە ئەدەبییەکان بەرجەستە دەکەن، تێڕوانین و عەقڵیەتە ڕەخنەییەکانیان لەسەر پیادە دەکەن.

**4- ڕەنگدانەوەی شیعری ئایینیی لە ئیسلامدا:**

ئەوە زانراوە کە عەرەبەکان لە سەردەمی جاهیلیدا خاوەن بەهرەیەکی مەزن بوون لە هۆنینەوەی شیعردا، بابەتەکانی ئەو کاتەش بەزۆری بریتیبوون لە دڵداری و وەسف و ستایش و دلێری و لاواندنەوە و داشۆرین، کە ئەمانەش لە چوارچێوەی غەزەل و قەسیدە دەگووتران، هەروەها هەندێك شاعیری وا هەبوو بە پێچەوانەی سەردەمەکەی خۆی، خۆی لەگەڵ شیعری ئایینیی تاقیدەکردەوە و ئاگای لە کتێبە پیرۆزەکانی پێش قورئان بووە، لەوانەش شاعیر "مخصرم" کە ناوی تەواوی "امیە بن الصلق" بوو. کە لە سەردەمی پێغەمبەر (د.خ)، لە شیعرەکانیدا باسی داهێنان و ئافراندنی ئاسمان و زەوی دەکرد، هەروەها داوای ڕەتکردنەوەی بتپەرستیی دەکرد. (الناقوری,1990: ص 78).

لەنێو دوورگەی عەرەب کە ئایینی ئیسلام سەریهەڵدا شیوازێکی نوێ هاتە ئاراوە و زۆر نەریت و ڕەوشتی جاهیلی ڕەتکرایەوە، بەڵام هەندێکێشی وەکو خۆی مایەوە، هەندێکی تریشیان دەستکاریکرد وایان لێکرد کە بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ بەرنامەی ئایینی ئیسلام، ئیتر لێرەوە هەنگاوبەهەنگاو ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی برەوی دەبێت. (حمودی، 1980: ص30). ئایینی ئیسلام شاعیرانی کردە دوو بەش، بەشێوەیەکی گشتی شیعری ڕەتنەدەکردەوە، بەڵکو چوارچێوەیەکی بۆ دیاریکرد کە دەبێت لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامەتیدا بگونجێت و نابێت دژایەتی لەگەڵدا هەبێت، لەدوای ئەوەی ئەم سنوورانە کە بۆ شاعیران دانران، شاعیران بوون بە سی بەش: هەندێکیان وازیان لە شیعر هێنا و چوونە ناو جیهانی قورئانەوە، هەندێکی تر وازیان لە شیعر نەهینا و دژایەتی موسڵمانەکانیان دەکرد، بەشەکەی سێیەم لە سەر شیعری خۆیان بەردەوامبوون و پابەندبوون بەو یاسایانەی کە قورئان بۆ شاعیرانی دیاریکردبوو و بوونە قەڵغانی پاراستنی ئەم بیروباوەڕە تازە و نوێیە، لەوانەش هەندی لە شاعیرانی وەکو: "حسان بن پابت" کە بە شاعیری پێغەمبەر (د.خ) ناوبانگی دەرکردبوو. (شوان، 2014: لا 192). شاعیران لە سەنگەری داکۆکی و بەرگری دابوون و بیروباوەڕی ئیسلامگەریی لە هەوێنی شیعرەکانیاندا ڕەنگیدایەوە، لەوانەش "کعب بن زهیر" و "عبدالله بن رواحه". (االناقوری، 1990: ص25). شیعری بڕوا و باوەڕ لە ناو کۆمەڵگای ئیسلامدا بوونی خۆی سەلماند و هەمیشە شاعیران لە مەیدانی بەرگری لە بیروباوەڕی ئیسلامەتی دابوون و بیروباوەری سەردەمی جاهیلییەکانیان بە شیعرەکانیان ڕەتدەکردەوە، کە ئەمانەش بوونە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی نوێی بێنەکایەوە لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە، هەندێك وشە و زاراوەی تازەی ئیسلامگەریی هاتنە ناو فەرهەنگی شیعرەوە کە لە فەرهەنگی شیعری کۆندا نەبینراو بوون، هەروەها سەبارەت بە ناوەڕۆکیش شیعری یەکتاپەرستیی هاتە ناو مەیدانی ئەدەبەوە.

بێگومان بەهەرمبنبوونی شیعری ئایینی بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو لەوانەش: ئایەتەکانی قورئان لە بارەی وەسفکردنی خۆشییەکانی ناو بەهەشت و ناخۆشییەکانی ناو ئاگری دۆزەخ و چۆنیەتی باسکردنی مردنی کەسەکان و جیهانی دوای مردنی مرۆڤ و بەکەمزانینی جیهانی ژیانی دنیا و خۆئامادەکردنی باوەڕداران بۆ ڕۆژی دوایی، هەروەها سەرنجدانی شاعیران لە ژیانی پێغەمبەر و یارانی... هتد. (العوادی، 1979: ص 119).

لەڕووی ناوەڕۆکدا سەرەڕای ئەوەی کە شیعری ئایینی گۆڕانکاری بەسەر شیعری عەرەبیدا هیناوە و چەند بابەتێکی تازە هاتەئاراوە کە بوونە هۆی ئەوەی بنە کاریگەری بەسەر مەبەستە کۆنەکانی شیعری عەرەبیی کە گیانیکی ئیسلامگەریی و نوێبوونەوەی پێبدەن، دەبێت ئەوەش بزانین کە شیعر بەگشتی ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی، چ لە ناو خەڵك ڕوودەدات لە شیعردا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە شیعری ئایینی لەسەردەمی ئیسلامدا وێنەی ڕووداوی گرنگی پیشانداوە و تۆماریکردوون، بۆیە لە ئەدەبی عەرەبییدا ئەم جۆرە شیعرە دەبینرێت و شاعیر و نووسەران توانیوویانە لەم بابەت و مەبەستە سوود وەربگرن.

هاتنی ئایینی ئیسلامیش بۆ ناوچە کوردییەکان لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ساسانییەکان لە سەدەی سێهەمی زایینییەوە هەتاوەکو حەوتەمی زایینی و هاتنی ئیسلام حوکمڕانی ناوچەکەیان کرد و دەسەڵاتیان لەلایەن عەرەبە موسڵمانەکانەوە کۆتایی پێهێنرا، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچەکانی کوردستان چەندین ئایینی ناسراوی وەك کریستیان و جوو، ئیزیدی، یارسان و چەندین تەریقەت و ئایینی تری تێدا بوو کە بنەچەیان بۆ سەردەمی هوری و سۆمەری دەگەڕایەوە. (حەمەڕەش، 2013: لا 411).

موسڵمانبوونی کورد بۆ ئەوکات دەگەڕێتەوە، تاکو ئێستاش بەردەوامە، بۆیە ئەدەبیاتی کوردیش وەك زۆربەی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر بەتایبەتی لە شیعردا، بابەتی ئایینیی وەك بابەتێکی سەرەکی پانتایەکی فراوان و بەرینی گرتووەتەوە. (سەعید، 2008، لا 233).

لەم بارەیەوە شاعیرانی کورد بەرهەمێکی زۆریان ئافراندووە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا پێرەویان لەم ناوەڕۆك و بابەتە ئیسلامییانە کردووە، چونکە بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری هەر لە مێژەوە کولتووری ئایینی کاریگەری لە سەرهەبووە. پیرۆزیی و مەزنیی ئایین وەك نەریتێکی باو لەو کۆمەڵگایە و ماوەتەوە و بایەخی پێدراوە و بە پیرۆزیی ڕاگیراوە. وێڕای ئەوەش زۆرترین شاعیرانمان لە ژینگە و بنەما ئایینییەکانەوە سەریاندەرهێناوە، بۆیە دەبینین لە زۆربەی دیوانە شیعرییەکانی شاعیراندا بابەتی ئایینیی  شوێنی بەرچاو و دیاری گرتۆتەوە، شیعری ئایینییش بنچینەی شیعری سۆفیانەیە و هێندەی سۆفیگەریی توانەوە و قوربانیدانی تێدا نییە و بریتییە لە ستایشی خودا و پێغەمبەر و یاران و پیاوچاکان پاڕانەوە و پەرستشەکان، سەرزەنشتکردنی نەفس و دەوروبەر. (شوان، 2014: لا 23).

"مەحوی"ــی شاعیریش یەکێکە لەو شاعیرە کلاسیکییانەی کە سوارچاکی شیعری ئایینییە، ڕۆڵیکی بەرچاوی لەم بوارەدا هەبووە، دواتر بەوردی باسی ئەم بابەتە لەلایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە دەکەین، بەتایبەتی لە قەسیدەی "بەحری نوور"ـــەکەیدا، ئاماژە و باسی ئەو بابەتە ئایینییانە دەکەین کە قەسیدەکەیدا ڕەنگیانداوەتەوە، بەرهەمەکەی شاعیر یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی.

**5- ڕوخسار و ناوەڕۆك لە قەسیدەی"بەحری نوور"ــی  "مەحوی"ــیدا :**

ڕوخسار و ناوەڕۆك، دوو دیوی پێکهێنەر و جیاوازی دەقی ئەدەبیین، بە دیاریکراوی شیعری کلاسیك، پەیوەندی نێوانیان ڕاستەوانە دەگۆڕێت، بەهێز و پێزبوونی یەکێکیان بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر ئەویتریانەوە. دەمێکە لەلایەن ڕەخنەگرانی کۆن و نوێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە و لێکۆڵراوەتەوە، بۆنموونە لەسەدەی بیستەمدا ڕوخسار و ناوەڕۆك  لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان، قسە و باسی زۆری لەسەر کراوە، هەر ڕێباز و قوتابخانەیەك، بەشێوەیەك لە گرنگی ئەم دووانە لە ناو دەقە ئەدەبییەکان دواون و ڕۆشناییان خستۆتەسەر.

بۆنموونە بیر و ناوەڕۆك لە لای فۆڕمالیستانی ڕووس، کە وەك ڕەوت و بزوتنەوەیەکی ڕەخنەگری ئەدەبیی دەرکەوتن، بایەخێکی ئەوتۆیان بە هزر و بیری ناو دەقەکان نەداوە، زیاتر لە ڕووی زمانەوانییەوە سەروکاریان لەگەڵ شێوە و فۆڕمی وشەکان بوو. ئەوان پێیانوایە: بیر کەتوارێکە وەك بەشێکی ماددە وایە، کە ئەدەب لە ڕێگای هۆکارە ئەرکییەکانەوە بەکاریدەهێنیت. لێرەوە بەلایانەوە جوداکردنەوەی فۆڕم و ناوەڕۆك هیچ نرخ و سوودێکی نییە، فۆڕم بنچینەیە و لە پێش ناوەڕۆکەیەوە. هەر ناوەڕۆکێشە لەسەر فۆڕم وەستاوە، فۆڕمالیستەکانیش دەڵین: فۆڕمی دەقە ئەدەبییەکان گەشەدەسێنیت و لە ڕێگای فۆڕمەکانی دیکەوە بڕیاری لێدەدرێت. (زریل، 2000: ص 30).

فەیلەسووفێکی وەك "مارتن هایدیگەر"ــیش دەڵێت: بنیاتی بوونی کاری هونەریی لە ناکۆکی نێوان جیهان و زەمین وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ڕوخسار و ناوەڕۆك لەسەر گرژی نێوانی ئەم دووانە دامەزراوە. بەمشێوەیە ئەوە بنچینەی پرۆسەی تێگەیشتن و هێرومۆنتیکای هونەری واتایە. (ابو زيلە، 2005: ص 35).

بۆیە دەکرێت بڵێین: ڕوخسار و ناوەڕۆك ئەم دووانە "لازم و مەلزووم"ــی یەکترن، هەر کامیان بوو، ئەویتریشیان دەبێت و هەرکامیان فەوتا ئەویتریشیان دەفەوتێت، هەرگیز بەبێ یەکتری ناکرێت و نەکراوە، ڕوخسار و ناوەڕۆك تێکداڕژاون و ئاوێتەی یەکترن، چونکە هونەری ڕاستەقینەن و شیعر بەشێکە لێی، بریتیین لەو کۆمەڵە خاسیەتانەی کە تا ئەوپەڕی وردی لێکداتواونەتەوە.

کەواتە هەرگیز ڕەوا نییە بەرزی، یان نزمی شیعرێك بدرێتەپاڵ تەنها یەکێکیان و بە نزم تەماشای ئەویتریان بکرێت. ڕوخسار دەبێ ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆك بێت نموونەیەکی ڕاستەقینەی بێت، دەبێت کەف و کوڵی سۆزی هەڵچوو و لەرینەوە و تەلی دەروون بێت، پێکەوە لە قەوارەی هونەریی شیعردا، یەکێتییەك ساز بکەن، بەهیچ جۆریك لێکجیانەبنەوە. (حبیب الله، 2013: ل26).

ڕوخسار و ناوەڕۆك هەروەك لەش و گیان بەیەکترەوە پەیوەند و پەیوەستن. دوو دەمی یەك مقەستن، دوو ڕووی یەك پارچە گەوهەرن. (گەردی، 1974: ل16).

بۆیە دەتوانین بڵێین: ڕوخسار ئەو ڕووپۆش و قاڵبەیە کە دەقی ئەدەبیی تێدا دەمەییت و خۆی تێدا پێشکەش دەکات، ئەمەش لەگەڵ مەبەست و ناوەڕۆکدا لە گۆڕانێکی بەردەوام دەبێت و گوزارشت لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی شاعیر دەکات لە بارودۆخ و سەردەمێکی دیاریکراودا. یەکەم ئاکاری ڕوخساری شیعریی لای هەر شاعیرێك لە سەرەتای زمان و دەبڕێنە، دوایی لایەنی تەکنیك و فۆڕمی ئەو دەربڕینانەیە کە ئەزموونی شاعیری تێدا بەرجەستە دەبێت و خۆی لە هونەرەکانی کێش و سەرواوە دەدۆزێتەوە، بەم پێیە ڕوخساری قەسیدەی "بەحری نوور"ــی "مەحوی" لەم چەند لایەنە دەردەکەوێت.

6- ڕوخساری قەسیدەی "بەحری نوور"ـــی مەحوی.

ئەگەر سەیری ڕوخساری شیعری کلاسیکی کوردی بکەین دەبینین ڕوخساری شیعر بەو ئاڕاستە هونەرییە ڕۆیشتووە کە شیعری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی پێوە پابەندبووە، هەیانە فۆڕمی دەربڕینی شیعریان بەکارهێناوە.

هەروەك "گۆران"ــی شاعیر دەڵێت: قاڵبی هەڵبەستی کۆن پێکدێت لە قەسیدە، غەزەل، پێنجخشتەکی، چوارخشتەکی، تەرکیببەند، تەرجیعبەند... هتد. (گۆران، 1961: ل 136). هەروەها دەڵێت: لە شەقڵی لاسایکردنەوە بە شێوازەوە ئاشکرایە، لە قاڵبدا کەس نەیویستووە لە نەریتی مامۆستا پێشینەکانی لابدات، غەزەل هەر دەبێت ژمارەی بەیتەکانی لە "15" بەیت تێنەپەڕێت، قەسیدە دەبێت لەسەر یەك سەروا تەواو بێت، وتە و دەربڕینەکان دەبێ هەر کلێشەی پێشینان بن. (گۆران،1961: ل141).

بۆیە شاعیرانی کلاسیکی کوردی شێوازی ئەو دەربڕینەیان گرتۆتەبەر بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆیان، هەروەها لە ڕووی خاسیەتەکانی تریش کە پەیوەستن بە ڕوخساری شیعرەوە بەهەمان شێوە شوێن یاسا و ڕێسا هونەرییەکانی شیعری باوی ئەو سەردەمەی هەڵگرتووە، خاسیەتەکانی شیعرییش ئەمانەی خوارەوەن:

**7- زمانی شیعریی:**

زمان لە خۆیدا دیاردەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە، کە شیعریشی پێدەهۆنرێتەوە، ئەو شیعرە وزەیەکی تر بەو زمانە دەبەخشێت، بەمەش زمانەکە بەهێز و ڕەوانتر دەبێت. ئەو زمانە بەهێزەش بەهاو و بایەخیکی زیاتر بە مەبەست و شتەکە دەبەخشێت. شیعرییش کە زمانێکی ئەندێشەیی و خوازەییە، بازنە و خودی مەبەستەکە فراوان و چڕتر دەکاتەوە.

گومان لەوەدا نییە کە زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەب جیاوازن، خوێنەری شیعر و ژانرەکانی تر هەست بە جیاوازییەکانی نێوانیان دەکات. هەست بە جۆرە دەربڕینێك دەکات کە لە سەرووی زمانی ئاسایی و زمانی پەخشان دایە. ئەگەرچی زۆربەی واژە و زاراوەکانی شاعیر بەکاریان دێنێت واژە و زاراوەی ئاساین و ڕۆژی بە دەیانجار بەکاردەهێنرێن، بەڵام کە شاعیر دەیخاتە دووتوێی شیعرەوە شێواز و واتای نوێیان پێدەبەخشیت. ئەوەش زۆرجار بە پشتگوێخستنی هەندێ لە یاساکانی زمان و لادان لەو یاسا و ڕێسایانە. (قادر ، 2012: ل 70). زمانی شیعری کوردی کە لە سەرەتادا ئەو زمانەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بەکاریاندەهێنا، زمانێکی کوردی تێکەڵ بووە. واتە زمانێك بووە سوودی تەواوی لە وشە و زاراوەکانی زمانانی تری ڕۆژهەڵات وەرگرتبوو بەتایبەتی زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی، کە هەریەکەیان لە ئەنجامی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە کاریانکردۆتە سەر زمانی کوردی بەر لە هەموو شت پێویستە لە سەرەتادا ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو کە زمان و ئەدەبی فارسی لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەدەبی کوردییەوە کاریگەری بەسەر زمان و ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییەوە هەبووە، هۆی ئەم کاریگەرییەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە، واتە لەو ڕۆژە

کە ئەدەبی نوسراومان هەیە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئەدەبی فارسیدا بوو تا دەگاتە ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق ئەم پەیوەندییە بێگومان بۆتەهۆی کارتێکردن و هەمیشە بەردەوام بووە. (عارف، 1984، ژ: 18).

ئەمەش ڕاستییەکی گرنگمان بۆ دەردەخات ئەویش ئەوەیە کە کاریگەری و کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی ماوەیەکی درێژی خایاندووە، هۆیەکی تری بۆ ئەو پەیوەندییە پتەوەی کە لە نێوان زمان و ئەدەبی کوردی و فارسیدا هەبووە، لە ئەنجامی چەند هۆیەکی گرنگەوە دروستبووە. خزمایەتی نێوان زمانی فارسی و کوردی، کە سەر بەیەك خێزانە زمانن و ئاشنابوونی کورد هەر لە زووەوە بە ئەدەبیاتی فارسی و گونجاندنی ناوەڕۆك و ئەو ئەدەبیاتە لەگەڵ ئەدەبیاتی کوردیدا. زمانی فارسی هەندێ نزیکایەتی لەگەڵ کوردیدا هەیە و بیروباوەڕی شاعیرەکانی فارس لەگەڵ بیروباوەڕی شاعیرەکانی ئێمە دەگونجێت، هەروەها "گوڵستان" و دیوانی "حافظ" و "شاهنامە"ــەن هەموو کات هەر لە ناوەوە بووە (سابیر،2005: ل295).

هۆیەکی تری کارتێکردنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە ئەدەبیاتی کوردی، جگە لە خزمایەتی نێوان هەردوو زمانەکە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەو بابەتانەی لە مزگەوت و قوتابخانە ئایینییەکان دەخوێندران بە زمانی فارسی بوون و چینی ڕۆشنبیری کورد لە ڕێگای زانینی زمانی فارسییەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەدەبیاتی فارسییەوە کردووە و کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو زمان و ئەدەبیاتەوە. لە کوردستانی ئێمەدا مەڵبەند و شوێنی خوێندەواری لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام مزگەوتەکان بوون و خوێندەوارەکانشمان بەزۆری لای شیخ و مەلاکانی ئەو مزگەوتانە بوون، ئەمانەش دوای تەواوکردنی قورئانی پێرۆز بۆئەوەی فێری نووسین و خوێندنەوە ببن بە واتای فێری پەخشانووسین ببن، چەند کتێبێکی فارسی بوو کە خوێندوویانە بەتایبەتی "گوڵستان"ــی "شیخی سەعد"ـی لەبەر نزیکی دوو زمانی کوردی و فارسی لە یەکتر خوێندنەوە و نووسینی فارسییەکەیان زۆر بەلاوە ئاسان بووە و زوو فێری بوون، لەبەرئەوەی دەبینین تا دوای جەنگی یەکەمی جیهان زۆربەی خوێندەوارەکانمان لەگەڵ ئەو بەشەیاندا کە لە قوتابخانەی سەر بە دەوڵەتی عوسمانی تورکیان زانیووە، فارسییان بە خوێندن و نووسین زانیووە. (موتابچی، 1973: ل 13).

هەروەها گونجاندنی ناوەڕۆکی ئەو ئەدەبیاتە، لەگەڵ سروشتی پێکهاتنی کۆمەڵگای کورد و ئەو سەرچاوە و ڕۆشنبیرییەی لە سەر بناغەیەکی ئایینی هاوبەشدا سازێندراوە، بە هۆیەکی تری ئەو کارتێکردنەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە سەر زمان و ئەدەبیاتی کوردی دادەنرێت، دیوانی شاعیرە فارسەکان لە کوردستاندا لە لای خوێندەوارەکان بەزۆری لەلای مەلاکاندا ناسرابوو، جگە لە هاومەزهەبیی و هاوتەریقەتیی و گەلێك شتی تر ڕۆڵیان هەبووە، بۆ باوبوونی شیعر و بەرهەمی ئەو جۆرە شیعرانە. (موتابچی، 1973، ل13).

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر هەن کە دەبنە هۆیەکانی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی، کە کاری خۆی کردووە لە ڕووی دروستبوونی ئەو زمانە تێکەڵەی کە بە یەکێك لە خاسیەتە دیارەکانی شیعرە کلاسیکی کوردی دادەنرێت. هەروەها کارتێکردنی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی، زۆربەی بیروڕاکان هۆکاری سەرەکی ئەم کارتێکردنە دەگەڕێننەوە بۆ هۆکارە ئایینییەکان. واتا بەهۆی هاتنی ئایینی ئیسلام و کاریگەری ئەو ئایینە لەسەر زمانی کوردی بەگشتی و چینی ڕۆشنبیری کورد بەتایبەتی. (موتابچی، 1973: ل 14).

زمانی عەرەبی زمانی قورئانە، ئایینی ئیسلامیش بەهۆی ئەو زمانەوە لە ناو نەتەوە موسڵمانە ناعەرەبەکان بڵاوبۆوە، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو زمانی عەرەبیش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینەکە کار لە زمان و ئەدەبیاتی ئەو میللەتانە بکات کە چوونە ناو ئەو ئایینەوە. هەر لەسەر بناغەی هەستکردن بەم پەیوەندییە پتەوەی نێوان زمان و ئایین، زمانی ئایینی زۆربەی کورد بووە، هەموو کەشێکی ئایینیش بەو زمانە کراوە، جا لەبەرئەوە هەموو کاتێك دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە وشەی بێگانە لە شیعری مەدرەسەی تەقلیدی کوردیدا بەدیبکەین. (سابیر، 2005: ل297).

کارتیکردنی زمانی عەرەبی لە سەر زمان و ئەدەبی کوردی لە سەرەتادا ئەوەندە بەهێزبوو بەهۆی بەرزبوونەوەی هەستی ئایینی و لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتیی، بەجۆرێك تاوای لێهات چینی ڕۆشنبیری کورد ئەدەبە نەتەوایەتییەکەی خۆیان بیربچێتەوە و تەنها مەبەستیکیان خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام بێت. (سجادی، 1960: ل 4). بەهۆی کارتێکردنی ئایینەکەوە وشە و زاراوە عەرەبییەکان تێکەڵ بە زمانی کوردی بوون و لەناو زمان و ئەدەبی کوردیدا بڵاوبوونەوە، ئەم بیروڕایانە دەمانگەیەننە ئەو ئەنجامەی کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهۆی کارتێکردنی زمان و ئەدەبی عەرەبی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی و لەئەنجامدا لەپاڵ ناوەڕۆکە ئیسلامییەکە، وشە و زاراوەکانی زمانی عەرەبی هاتوونەتە ناو شیعری کلاسیکی کوردی و ئەو زمانە تێکەڵەی سازاندووە.

زمانی تورکیش یەکێك بوو لەو زمانانەی شاعیرانی کورد سوودیان لە وشە و زاراوەکانی وەرگرتووە و بەکاریانهێناون. کاریگەری زمانی تورکی بەسەر زمان و ئەدەبی کوردی، وەك کارتێکردنی زمان و ئەدەبی فارسی و عەرەبی نەبوون، بەڵکو کەمتر بوون،

چونکە زمانێکی زۆر جیاوازە لە ڕووی خێزانی و هەروەها زمانێك نەبوو کە زانستی ئایینی و فەلسەفیی پێبخوێنرێت لە مزگەوت و قوتابخانەوە، پێچەوانەی فارسی لەبەر ئەمانە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە. (سابیر، 2005، ل 291).

هۆکاریکی تر سیاسییە، چونکە زمانی تورکی ئەو زمانە بوو کە بەزۆری بەسەر کوردەکان دەسەپێندرا، لەبەرئەوە بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی. (موتابچی، 1973: ل 5).

ئەمانە و چەندین هۆکاری تر بوونەهۆی ئەوەی کاریگەری زمانی تورکی کەمتر بێت لە چاو کاریگەری دوو زمانەکەی تر لەسەر ئەدەبی کوردی. هەر چۆنێك بێت لە تێڕوانینێکی خێرا بەسەر شیعر و دیوانی هەر کام لە شاعیرانی کلاسیکدا، زۆرێك لە وشەی "فارسی و عەرەبی"ــی بەرچاو دەکەون، تەنانەت جاری واش هەیە دەکرێت هەر بەهۆی کێش و پێویستی شیعرەوە، تاکو ئێستا وەکو خۆیان لە زمانی کوردیدا ماونەتەوە وشەی داتاشراوی نوێ نین، دیوانی هەر کام لە شاعیرانی کلاسیکی وەکو "نالی، سالم، کوردی، وە فایی، شیخ ڕەزا، حاجی قادری کۆیی، ..." . دەکرێت ڕێژبەندییەکی دوور و درێژ لە وشەی فارسی و عەرەبی دەربهێنرێت. هەبوون و دووپاتی زۆریك لەو وشە فارسیی و عەرەبییانە لەناو شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە لە پێشەوە باسمان کرد، یەکێك لە هۆکارەکان هۆکاری ئایینی بووە.

"مەحوی" وەک عارفێک، هەر بە ڕێنووسی عەرەبیی و قورئانی پیرۆز بەشێک لە دێڕە شیعرەکانی دەچنێت، چونکە پێدەچێت بە عەرەبی هێشتنەوەی ئایەتەکان بەوە لێکدەداتەوە کە بۆ "مەحوی" زیاتر ئیحا ببەخشن. (مەلا، ٢٠١٣: ل ١٣٨).

"مەحوی"ــیش "1832ــ 1906" یەکیکە لە شاعیرە ناودارەکانی کورد کە لە دوای "نالی و سالم و کوردی"ــی شوینپەنجەی لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دیار و بەرچاو و کاریگەرە، کە زمانەکەی تێکچرژاوە و پڕە لە وشە و زاراوەی فارسی و عەرەبی. لەبەرئەوەی دەرچووی حوجرە و مزگەوتەکانە بە ڕوون و ئاشکرایی ئایین و کوولتوری ئیسلامگەریی لە شیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە(حسێن 2022: 97-98).

جا شارەزا بوون و ئاشنابوون بە میراتی کولتووری "مەحوییزم" کە هەڵقووڵاوی زادەی بیری سەردەمەکەی بوو، سوودوەرگرتنی لە کولتووری ئایینی ئیسلامیی، جا وەنەبێت کە دەڵێین: "مەحوی" ئایین و کولتووری ئیسلامیی لە شیعرەکانی ڕەنگیداوەتەوە لایەنەکانی تری وەك: کۆمەڵایەتیی، خۆشەویستیی، سیاسیی، ...هتد فەرامۆش کردبێت، بەڵکو دیوانی "مەحوی" پڕە لە شیعری هەمەجۆر، هەروەك "بیخود"ـی شاعیر دەڵیت: شیعری مەحوی چەکوشکارییە، قورسە و داخراوە، دەبێ زۆر لێوردبیتەوە، دەبی تەماشای کتیبی بۆ بکەی، دەبی لەشەرحەکانی حەدیس و تەفسیری قورئان و زانستەکانی ئایینی و شاعیرەگەورەکانی فارس شارەزابین. (کەلهوور، 2008، ل80).

ئەمە وامان لێدەکات کە بڵێین: هیچ شاعیریکی سەردەمی "مەحوی" لەڕووی فەلسەفە و بیری قووڵ و ورد شیعریان وەکو مەحوی نەوتووە.

قەسیدەکەی "مەحوی" کە بەناوی "بەحری نوور"ـــە، لەچوارچێوەی "124" دیرە شیعر چنراوە، کە چاکترین شیعرە بۆ وەسفی پێغەمبەر و خۆشەویستنی پێغەمبەری ئیسلام (د.خ)، زمانی شیعرەکەی جگە لە کوردییەکە، پڕیەتی لە وشە و زاراوەی ئایینیی و عەرەبی و فارسی، بە چەشنێك زاراوە ئایینییەکان لە شوێن و مەبەستی خۆیاندا هیناوەتەوە، کە زۆربەیان خۆشەویستنی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەر بێت دەنوێنن. وەك: "صلی الله علی، غیر علم الله سبحانە، حەیی مەننامە، موعجیزە، نوری قورئان، تعالی الله، زوهد، عەرش، خیر خلق الله، مابقی صما و عمیانە، ڕەئوف، رحیم، رسول الله، ذی قوە، مازاغ البصر، کما کان، ذی النورین، ذو الانوار، رضوانە، باذن الله، علیە الرحمە و الرضوان، علیە اللعنە، عما الله عنك، معاذ الله، لاشك، سبحانە، ...هتد". هەریەك لەم زاراوە ئایینییانە پانتایی واتای قەسیدەکەیان بەرفراوان کردووە.

جگە لە زاراوەی ئایینیی پڕیەتی لە وشە و زاراوەی عەرەبی. وەك: "بحر، نور ، عیلم، عیرفان، زات، جەنات، حەزرەت، ساحیب، کەمالات، ئەعلا، ئەبەد، عالەم، کەمال، عەزم، حەزم، فەلەك، تەنازول، موهیم، ... هتد".

وشە فارسیەکانیش ئەمانەن: دەرك، غەور، پەسندیدە، چراخ، مومیددی، ئەبەد، شەوکەوت، ئیحتیشام، ماهی، ئەڵبەت، ... هتد".

شاعیرانی کلاسیك و "مەحوی"ــیش پێگەیشتوو و تێگەیشتووی حوجرە و مزگەوتن، چونکە حوجرە و مزگەوت شوێنی ڕاهێنانی مامۆستا و زانای ئایینی بوون، کە لەوێدا بەرنامەی خویندن و بیرکردنەوە لەسەر بنەمای زانستی ئیسلامیی بووە، کە زۆربەیان بە زمانی عەرەبی نوسراونەتەوە و تۆمارکراون.

"مەحوی" یەکێکە لەو ڕچەشکێنن و ڕێخۆشکەر و دانایانەی ئەدەبی کوردیی، کە بە زمانە باڵاکەی و هزر و مەعریفە ئایینیی و تەنانەت بەشێك لە دنیاییەکانی، بنەما سۆفییانە و عیرفانییەکانی دەناسرێتەوە.

**8-کێش:**

کێش یەکێکە لە ئەستووندەگە هەرە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیك، کێش شیعر لە لەنگی و پەرتی دەپارێزێت، تەنها تایبەتیش نییە بە نەتەوەیەك، بەڵکو لە شیعری هەموو نەتەوەکانی جیهاندا دەبینرێت. هەر زمان و نەتەوەیەکیش بۆ کێش، یاسای تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها نابێت لەم بابەتەشدا گرنگی زەمەن لە بیر بکەین، چونکە ئەو کێش و یاسایانەی ئەمڕۆ دەیان دیوانی لە سەر چاپ دەکرین، مەرج نییە پاش چەند ساڵێکی دی هەمان گرِوتینی هەبێت، کێشی کلاسیکی کوردی کە کێشی عەرزووی عەرەبییە، جگە لە ئەدەبیاتی "گۆران" سەردەمانیکی زۆر پەیڕەوکراوە، بەڵام دواتر هێدی هێدی بەرەو کزی ڕۆیشت، بۆیە کێش: ئاوازێکە پێویستی بەساتەوەختیکی دیاریکراوی هەیە. (خلوصی، 1977: ص 245). لە مێژە عەرەب وتوویانە: "الشعر کلام موزن و مقفی" ئەمەش بۆ گرنگی کێش و سەروا دەگەڕێتەوە لە شیعردا.

"نازك الملائکە" کە یەکێکە لە ڕابەرانی شیعری نوێی عەرەبی داوا لە نەوەی نوی دەکات بایەخ بە بەحرە عەرووزییەکان بدەن، چونکە لە ڕێگای ئەو بەحرە عەرووزییانەوە، شاعیرەکان دەتوانن گوزارشت لە بەشێك ژیانی خۆیان بکەن. (الملائکە، 1978: ص 70).

کەواتە کێش: بریتییە لەسەرجەمی ئەو پێیانەی دێرە هەڵبەستێك دروست دەکەن، کە لە عەرووزی عەرەبییدا، پێیدەڵێن: تەفعیلە. (بیمار، 1992: ل 10). یەکێك لە خاسیەتەکانی شیعری کلاسیکی کوردی لاساییکردنەوە و پێڕەوکردنی ڕێوشوینی شاعیرانی کلاسیکی عەرەبیی و ئیسلامیی بوو. دەبوو پابەند بە چەند دەستوور و بنەمایەك بووان، شاعیر نەدەبوو خۆی لێیان لابدات، بەشێوەیەکی سەرەکی بەکێشی عەرووز پابەند بوو، ئەم کێشە "خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی"ـی بە دۆزەرەوەی لە ناو عەرەب دادەنرێت، چونکە توانی شیعر و ئەدەبی عەرەبی لە چەوتی و خوێندنەوە و گواستنەوەی شیعرەکان بە هەڵە و تۆمارکردنیان بەڕادەیەکی ئەندازەیی دیار ڕزگار بکات. (مەحوی، 2021: ل36).

مەبەست لە عەرووز لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە کێشی دێرەکانی شیعر، ئەمەش بۆ دەرخستنی مۆسیقا و بەحرە عەرووزییەکانە، کە شاعیر پەیڕەوی دەکات لەهەمانکاتدا توانای شاعیر لە بەکارهینانی دەردەخات، چونکە ئەو بەحرانە مۆسیقای شیعرەکەی لەسەر دەوەستێت. (صلاح، 2007: ص 11).

بەحرە عەرووزییەکان شیعری عەرەبییان لە لەنگی و پەرت و بڵاوی پاراست، ئەم جۆرە کێشە بەپێی کورت و درێژی بڕگەکان دەستنیشان دەکرێت، درێژی شیعریش یەکەیەکی مۆسیقییە، بە شیتەڵکردنیشی یەکەیەکی تر بەدوای خۆیدا دێنیت. (فریز، 1980: ص 13). ئەم کێشە لەلایەن فارس و کوردیش بەهەمان بەحری عەرووزی بەپێی یاسا و ڕێسا و سروشتی ئەو دوو زمانە پەیڕەوکراوە.

"مەحوی" بەپێی زەمەن و سەردەم و لێکدانەوەی شیعرەکانی سەر بە قوتابخانەی کلاسیکە، پەیڕەوی کێشی عەرزووی کردووە، ئاشکرایە ئەم کێشە دیرۆکێکی لەمێژینەی هەیە، لەلایەن "بابا تاهیری هەمەدانی" و شاعیرانی دوایی خۆی پەیڕەوکراوە، نزیکەی دە سەدە شاعیرانی کورد لە ژێر ساباتی ئەم قوتابخانەیە و ئەم کێشە، شیعرییان هۆنیوەتەوە، تاکو سەردەمی "مەحوی" تەنانەت دوایی ئەویش، هەتا سەردەمی نوێبوونەوەی شیعری کوردی لەسەردەستی شاعیرانی نوێخوازی کورد: "پێرەمێرد، ع. ڕەحیمی هەکاری، مستەفا شەوقی زادە، شێخ نوری شێخ صالح، گۆران، ...هتد".

بۆیە "مەحوی"ــیش لە دیوانەکەیدا وەك شاعیرانی کلاسیکخواز پەیڕەوی کێشی عەرووزی کردووە، بۆ هەمان مەبەست لە قەسیدەی "بەحری نوور"ــیش، کێشی "هەزەجی هەشتی تەواو"ــی بەکارهێناوە.

| |
|---|
| (( وصلی الله علی )) ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە |
| کە دەرکی غەوری ناکا ، (( غیر علم الله سبحانە )) |
| (( وصلی الله علی)) ئەوزاتی پاکی قودیسی ئایاتە |
| کە ئەخلاقی پەسندیدەی جەنابی حەیی مەننانە |
| ((وصلی الله علی)) ئەو حەزرەتی ساحیب کە مالآتە |
| کە ئەعلا موعجیزەی قوربانی بم من نوری قورئانە . |
| لە تاریکی شەوی کوفرا بەیەك دەم لەمعەییکی دا |
| هەزار و سیسەد و بیست و دووە ، دنیا چرا خانە |
| چرایەك نووری بیچووی مومیددی بی ، دەبی وابی |

| |
|---|
| چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا ، بۆتا ئەبەد مانە |

( مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن ، مفاعیلن /
مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن / مفاعیلن )
(هەرزەجی هەشتی تەواو)

**9- سەروا:**

سەروا یەکێکی ترە لە ئەستووندەگە سەرەکییەکانی شیعر، بەدیاریکراوی مۆسیقای شیعر، لەگەڵ کێش وەکو دوو کۆڵەگەی سەرەکی ڕۆڵیکی کاریگەر لە دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعر دەبینن، چونکە سەروا وەکو کێش بنەڕەتییەکە لە بنەڕەتەکانی شیعر. (مولود، 2004: ل 164).

سەروا گەلێك پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە. سەروا بریتییە لە: هەردوو دەنگی وشەی کۆتایی دیر. (الغنیم، 1996: ص 241). هەروەها سەروا جۆرە ڕێتمێکی مۆسیقیی گونجاو لە زەمەنێکی دیاریکراو دەخاتەڕوو. (صلاح، 2007، ص 11).

لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا سەبارەت بە سەروا گەلێك وتراوە و نووسراوە، زۆربەیان سەروا بە دوا پیتی دێرە دادەنێن ئەو تاکە پیتەش کە دووبارە دەبێتەوە پێیدەڵێن: "ڕەوی" بەڵام بۆچوونی تریش پێیوایە: سەروا پیتی ڕەوی نییە، وەك هەندێك باسی لێدەکەن، بەڵکو کۆمەڵێك پیت و هێزە کە مۆسیقای دێرە شیعر لەخۆ دەگرێت. (خلوصی، 1974: ص213). تێڕوانینی تریش پێیوایە: سەروا بریتییە لەو کۆمەڵە دەنگەی کە هەندێکجار بە بڕگە و لای هەندێك بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە، لە کۆتایی لەت، یان شیعر، هەندێکجار لە ناوەوەش دێت، هەروەکو دەشێت لە پەخشانیشدا هەبێ بەتایبەتی لە کۆتایی فاسیلەکاندا. (گەردی ، 1999: ل 26).

واتە مەرج نییە سەروا تاکە دەنگێك بێت، بەڵکو دەشێت کۆمەڵە دەنگێك بێت، تەنها پەیوەستیش نییە بە شیعرەوە، بەڵکو لە پەخشانیشدا دەردەکەوێت، سەروا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە و وەستان و گۆڕینی مۆسیقا، چونکە ترپە و ئاوازی شیعر زیاد دەکات و لەنگەری شەپۆلی دەنگەکانی دێرە شیعر ڕادەگرێت و دەبێت بە زایەڵە و دەنگدانەوەی دەنگە هاوچەشنەکانی تری ناو هەمان دێر و دەنگە هاوبەشەکانی دێرەکانی تر دووبارەکردنەوەی دەستە دەنگێك جۆرە ڕیتمێکی ئاوازەیی دروست دەکات، بەتایبەتی لە کاتی خوێندنەوەی بە دەنگدا کە پێداگرتنی تێدایە لە سەر هەڵکشان و داکشانی ئاوازەکە و نیشتنەوەی لەسەر دەنگە و هاوسەرواکانی دواوە. (گەردی، 1999، ل39).

واتە سەروا ڕۆڵێکی تایبەتی لە سازاندن و پێکهینانی شیعری شاعیراندا هەیە، چۆنیەتی بەکارهێنانیشی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت، بۆیە ئەگەر سەیری شیعری شاعیرانی کلاسیك بکەین، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەیەك سەروا هۆنراوەتەوە، بەڵام لە شیعری شاعیرانی نوێدا گۆڕانی بەسەرداهاتووە بە ئارەزووی خۆیان سەروا بەکاردەهینن.

ئەم سیستەمە عەرووزییەی سەروا شاعیری کلاسیکی بەتەواوەتی بەستۆتەوە و ناچاریکردووە، واتاکان و ڕوانینی شاعیرانەی خۆی لە چوارچێوەیەکی بەندکراودا لە ناو تەنیا کلێشەیەك بەندبکات و واتا و جوانی مۆسیقا و فۆڕم بکاتە قوربانی کلێشەیەك، سەروا چۆن و چی لی داوا بکردایە، ئەوهای دەوت. (پیربال، 2005: ل 95 ).

غەزەل و قەسیدە لە ڕووی دابەشبوونی سەرواوە هەردووکیان وەك یەك وان، لە هەردووکیان یەکێتی سەروا پەیڕەودەکرێت، لە هەردووکیاندا لەتی یەکەم و دووەمی دێری یەکەم هاوسەروان، ئینجا کۆتایی هەموو دێرەکان هەمان سەروایان هەیە.

"مەحوی"ــی لووتکەش لە دیوانە شیعرەکەیدا لە بەکارهێنانی سەروادا، پەیڕەوی یەکێتی سەروای کردووە، قەسیدەی "بەحری نوور"ــیش، کە خۆیی لە "124" دێرە شیعر دەبینێتەوە، سەروای دێرەکانیش بە "انە" کۆتاییان هاتووە.

| |
|---|
| (( و صلی الله علی )) ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە |
| کە دەرکی غەوری ناکا (( غیر علم الله سبحانە )) |
| (( وصلی الله علی )) ئەو زاتی پاکی قودسی ئایاتە |
| کە ئەخلاقی پەسندیدەی جەنابی حەیی مەننانە |
| ( وصلی الله علی ئەو حەزرەتی ساحیب کەمالاتە |

| |
|---|
| کە ئەعلا موعجیزەی قوربانی بم من ! نووری قورئانە |
| لە تاریکی شەوی کوفرا بەیەك دەم لەمعەییکی دا |
| هەزار و سیسەد و بیست و دووە ، دنیا چرا خانە |
| چرایەك نووری بیچووی مومێددی بی ، دەبی وابی |
| چرایەك دەستی قودرەت خۆشی کا ، بۆتا ئەبەد مانە |

**10- ناوەڕۆکە ئایینییەکەی قەسیدەی "بەحری نوور"ــی مەحوی:**

بە بڕوای "مەحوی" حەزرەت، پانتایی عیشق ئەو پانتاییە کە هەموو کەس ناتوانێت بچێتە ناوییەوە، ئەوانەی کە دەتوانن بچنە نێو ئەو پانتاییەوە تەنها عاشقەکانن (شاهین، ٢٠١١: ل ١٤٦). شاعیرانی کلاسیکی دنیای ڕۆژهەڵات سەرەتای ژیانی خۆیان بە خوێندنەوە و فێربوون و لێکدانەوەی قورئان دەستپێکردووە. واتە ناوەندی فێرکردن ناوندێکی ئایینی بووە، لە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاستیش بەهەمان شێوە پەروەردە و فێرکردن لە ژێر دەسەڵاتی ناوەندی ئایینی بوو، ئەوانیش بە کتیبە ئایینییەکان دەستیانپێکردووە. شاعیرە ڕۆژهەڵاتە کلاسیکییەکان بۆ زیاتر خۆڕۆشنبیرکردنی خۆیان، زیاتر تێگەیشتن و پێگەیشتن لە کاروبارە ئایینییەکان وانە جۆراوجۆرە ئایینییەکانیان خوێندووە. (مەحموود، 2014: ل 56). "مەحوی"ــی شاعیر، هەروەك شاعیرە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵات، قورئان و لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی خوێندۆتەوە، چونکە سەرەتای خوێندنی زانستەکانی ئیسلامیی لای باوکی دەستپێکردووە، لەپاشان بۆ فەقییەتی چووە بۆ سابڵاغ و بۆ لای مەلا عەبدوڵڵــی باپیری، سی ساڵ لەوێ ماوەتەوە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی، لەلای مەلا چاکەکانی ئەوکاتەدا گەلێك وانەی وەرگرتووە، دوایی چووە بۆ بەغدا بۆ لای "موفتی زەهاوی" ماوەیەك لای ماوەتەوە و ئیجازەی مەلایەتی پێدراوە لە ساڵی"1858ز"ــدا، هەروەها بووەتە مامۆستا لە مزگەوتی "امام اعظم". (سەجادی، 1960: ل 354). ئەم شارەزابوونەی خۆی لە ئایین وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکارهێناوە بۆ وەدەستهینانی زانیاری لەبارەی چیرۆکی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت، هاوەڵەکانی و زیاتر شارەزابوون لە پەڕجووەکانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت و چەندین بابەتی تری ئایینی، چونکە ئاشکرایە قورئان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی هزریی تەواوی ئەو گەلانە داناوە کە پەیڕەویان لە ئاینی ئیسلام کردووە، لە بوارە جۆراوجۆرەکانی نیگارکێشیی و تەلارسازیی و جوانووسیی، ...هتد، سوودیان لێوەرگرتووە.

لە شیعرەکانی "مەحوی"، ئەوەندەی بنەما هزریی و سۆفییانەیی و مەعریفەکانی، وەرگر سەرسام دەکەن، ئەوەندە وەرگر ناپڕژێتەسەر جوانییەکانی لە چەشنی شیعری شاعیرانی تری کلاسیکیی کوردی. (خۆشناو، 2016: ل 292).

"مەحوی"ــی بلیمەت یەکێکە لە شاعیرەکانی ڕێزی دووەمی قوتابخانەی شیعری بابان، لەدوای "نالی" و شاعیرانی تر بەیەکێك لە پێڕەوەکانی شیعری ئایینی دادەنرێت و گەلێك لە شاعیرانی وەکو: "مەلا محەمەدی خاکی، سەید ئەحمەدی نەقیب، حەمدی، ... هتد. کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شیعرە ئایینییەکانی "مەحوی" بەگشتی و قەسیدەکەی "بەحری نوور" بەتایبەتی. (شوان، 2009: ل 149).

ئاشکرایە دیوانەکەی "مەحوی"ــی شاعیر کۆمەڵەشیعرێك لەخۆدەگرێت، هاوکات لەگەڵ زۆر لە وتار و بابەت و ئەو شیعرانەی لە بارەی "مەحوی"ــیەوە نووسراون، وەك پاشبەندێك لە کتێبەکەیدا هەن، شیعرەکانی "مەحوی" دابەشکراون بۆ غەزەلیات و شیعری ئایینیی و چوارخشتەکییەکان و تاکەکان و بەشی عەرەبی و بەشی فارسی، لەپاڵ ئەمانەشدا هەریەکێك لەم پۆلێنانە بەپێی ڕێزبەندی ئەلفبیی کۆتایی دێرە شیعرەکان ڕێزبەند کراون. ئەوەی پەیوەستیش بێت بە شیعرە ئایینییەکانی "مەحوی" بریتین: لە چوار قەسیدە.

قەسیدەی یەکەم: "عقد العقائد"، "136"دێر، باسی سیفەت و ناو و کردەوەکانی خودا دەکات.

قەسیدەی دووەم: کە "23" دێرە، باسی خودبوون و سیفەتی خودا دەکات.

قەسیدەی سییەم: "بەحری نوورە" کە بریتییە لە "124" دێر، بەگشتی ستایشی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت دەکات.

قەسیدەی چوارەمیش و کۆتاقەسیدە بریتییە لە "24" بەیتە شیعر، کە ستایشی "مەولانا خالیدی نەقشبەندی"ــی کردووە.

ئەم شاعیرە تەنیا هەر ئەوەندە شیعرە ئایینییەی نییە، بەڵکو لە ناو غەزەلەکانی تریشدا لەملاو ئەولا لە چەند شوێنی تر چەند دێری تر بەرچاودەکەون، کە ڕەخنە لە شێخ و مەلا و زاهید و ڕیاکارانی ئایین دەگرێت. وەك ئاشکرایە سنووری باسەکەی ئێمە تەنیا قەسیدەی "بەحری نوورە" کە بەڕاستی نایاب و جوانترین شیعرە، لە بارەی وەسف و خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) نووسرا بن،

بە هێما و ئاماژەکردن بۆ وشەیەك، یان ڕووداوێك، چیرۆکێك، لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، کاریگەری زمانە شیعرییەکەی ویستوویەتی خوێنەر کەمەندکێش بکات، قەناعەتێکی هەمووەکی بە خوێنەر بکات و خوێنەر نغرۆی هەیەجانی عیرفان و سۆفیگەریی و ئایینخوازیی بکات.

ئەو بابەت و مەبەستانەی لە قەسیدەی "بەحری نوور"ــدا بەرجەستەدەکرێن، ئەمانەن:ـ

**11ـ ستایشکردنی پێغەمبەری ئیسلام، دروودی خوای لەسەربێت.**

"مەحوی" سەرەتای قەسیدەکەی بە صەڵەواتلێدان لەسەر پێغەمبەر (د.خ) چنیووە، چونکە پێیوایە: یەکێك لەو نیشانانەی کە مرۆڤی موسڵمان و بڕوا و باوەڕداری پێدەناسرێتەوە ئەوەیە زۆرترین صەڵەوات بۆ دیداری پێشەوای مرۆڤایەتیی لێبدات، ئەمەش نیشانەی وەفاداری ئەو مرۆڤەیە بۆ پێشەوا، چونکە خودای تاك و تەنیاش دەفەرموویت: (ان الله و ملائكته يصلون على النبى يا ايها الذين امنوا صلوا عليه و سلموا تسليما). ( سورەتی الاحزاب، ئایەتی 56).

بەڕاستی خوا و فریشتەکان صەڵەوات لێدەدەن لەسەر پێغەمبەر (د.خ). ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئێوەش صەڵەواتی لەسەر بدەن و بەردەوام یادی خێری بکەن. بۆیە "مەحوی"ـیش وەکو مرۆڤێکی موسڵمان و مامۆستا و زانایەکی ئایینیی ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە و هەستپێکردووە و دواتر لە بەرهەمەکانی بەرجەستەکراون، بەتایبەتی لە قەسیدەکەی "بەحری نوور" سەڵەوات لێدانەکەش سێ دێری سەرەتایی قەسیدەکەی دەگرێتەوە، دواتر دێتەسەر ستایشکردنی پێغەمبەری خودا (د.خ)، کە دەڵێت: خودا بەزەیی بڕێژێت بەسەر دەریای "نوور" و "زانست" کە خوای تاك و تەنیا نەبێت، کەس قووڵایی و تەنانەت دووڕ و مەرجانی ئەو دەریایە نازانێت، هەروەها داوای کردووە کە خوای تاك و تەنیا بەزەیی خۆی بەسەر پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت بارێنێت، کە هەموو نیشانەکانی پێغەمبەربوونی وەك بریسکەیەکی بێگەرد تێدا دەدرەوشێتەوە، کە قورئان کەلامی خودایە و لە ڕێگای ئەوەوە پەیامەکەی خودا بە ڕوون و ڕەوانیی و موژدەبەخش و ئاشکرایی بڵاو دەکرێتەوە.

| |
|---|
| (( وصلى الله على )) ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە |
| کە دەرکی غەوری ناکا (( غير علم الله سبحانه)) |
| (( وصلى الله على )) ئەو زاتی پاکی قودسی ئایاتە |
| کە ئەخلاقی پەسەندیدەی جەنابی حەیی مەننانە |
| (( وصلى الله على )) ئەو حەزرەتی ساحیب کەماڵاتە |
| کە ئەعلا موعجیزە ، قوربانی بم من ! نووری قورئانە (مودەڕیس، 1391: ل 502). |

هەروەها "مەحوی" لە چەند شوێنی تری قسیدەکە بەردەوام دەبێت لە ستایشکردنی پێغەمبەر (د.خ)، وەك لەم بەیتەدا دەڵێت:

| |
|---|
| لە ڕوخساری لەتیفی، گوڵ، لە جەعدەی عەنبەرینی، دڵ |
| دەجۆشیت و دەباری، ئەو گوڵستان و ئەم دڵستانە. |
| لە بی ڕوحی ڕەوان و نێوچەوانی ڕۆژی لی دەتکێ |
| زوبانی تا شەکەر ڕێزە، دەهانی گەوهەر ئەفشانە (موودەڕیس، 1391: ل 513). |

"مەحوی" بەم جۆرە ستایشی پێغەمبەر (د.خ) کردووە کە لەم گەردوونە هیچ کەسێك لە سیفەت و هەڵسوکەوت و ئاکار و جوانیی و هەروەها جوانیی ئەندامەکانی ناگاتە پێغەمبەر (د.خ)، کە بەهەشتیش بە جوانییەکانی حەزرەت (د.خ) ئیرەیی دەبات.

**12ـ ڕەنگدانەوەی بابەتی زوهد و پەراوێزخستنی دنیا و دنیانەویستیی لە قەسیدەکەدا:**

زانایان و پێشینانی ئوممەتی ئیسلامیی چەند پێناسەیەکیان بۆ "زوهد" کردووە، کە هەموویان لە تەوەرێکدا دەخوولێنەوە، ئەویش بریتییە لە: دونیانەویستی و دڵ پەیوەستنەبوون پێیەوە. هەر لە قورئانی پیرۆز جەخت لە زوهد و دونیانەویستیی کراوە، بە سووك سەیرکردن و خێرا تیاچوونی دڵ و پەیوەستبوون بە دواڕۆژ و گرنگینەدان بە دنیا، لەپێناو خزمەت ئاوەدانکردنەوەی ژیانی هەمیشەیی دوواڕۆژ لە تایبەتمەندی زاهید و دنیانەویستان دان. خوای تاك و تەنیاش دەفەرمووێت: (اعلموا انما الحياه الدنيا لعب و لهو زينه و تفاخر بينكم و تكاثر فى الاموال و الاولاد وكمثل غيث اعجب الكفار نباته ثم يهيج فتواه مصفراً ثم يكون حكاماً و فى

الاخره عذاب شدید و مغفره من الله و رضوان وما الحیاه الدنیا الا متاع الغرور). (سورەتی الحدید، ئایەتی20). واتە: بزانن کە بەڕاستی ژیانی ئەم دنیایە تەنها گەمە و گەپ و جوانیی و زۆرکردنی ماڵ و منداڵ و خۆهەڵکێشانی نێوانتان، وەك وێنەی بارانێکە شینایەکەی گەشتیاران سەرسام بکات، پاشان وشك ببێت، جا بیبینی بەزەردبوویی و دوواتر ورد و خاشاك ببێت و با هەر پرووشەی بباتە جێگایەکەوە.

کەواتە زیبایی و جوانیی ئەم دنیایەش هەروەك سەوزایی و مەزرایەك وایە، کە زۆر بە جوانیی و ڕێکوپێکی بنج دادەکوتێت و سەوز ببێت، پاشان وشك و زەرد هەڵگەڕێت و بایەکی توند و تووش هەر پرووشەی بخاتە بندارێك، بۆیە دەبێت ئەوەش بزانین ژیانی دنیا تەنها کاڵای دەستخەرۆکارە، کەوابوو هۆشیار بن و نەخەڵەتین بە دنیا. (هەمەوەندی، 2010: ل 3).

زوهد و دنیانەویستیی لە فەرموودەکانیشدا ئاماژەپێکراوە و باسکراوە، لە سوونەتی پێغەمبەریش (د.خ) ئەم مەسەلەیە دەردەکەوێت، وەك ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت: بە "عەبدوڵڵای کوڕی عومەر" (ڕ.خ) فەرمووە: (کن فی الدنیا كأنك غریب، او عابر سبیل) (رواه البخاری). واتە لە دنیادا بەشێوەیەك بژی، وەك ئەوەی کەسێکی غەریبە، یان کەسێکی ڕێبوار بێت. حەقیقەتی زوهد و دنیانەویستیی لە ئایینی ئیسلامدا هەر ئەوەیە کە پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی لەسەریبوونە، ئەوەش واتای ئەوە نییە کە شتە پاك و خاوێنەکان لەسەر خۆت قەدەغە بکەیت و ماڵ و سامانی خۆت لەناوببەیت و گرنگی پێنەدەیت. (هەمەوەندی، 2010: ل 6).

"عائیشە خاتوون"ـیش (ڕ.خ) لە فەرموودەیەکدا بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: هیچ ڕۆژێك ڕوویندداوە ئێمە دوو ڕۆژ لەسەریەك تێر نانی جۆ بە ئاوەوە بخۆین، تا ئەوکاتەی پێغەمبەریش (د.خ) کۆچی دواییکردووە.

"ئەنەس کوڕی مالیك"ـیش دەفەرموویت: "رسول الله" تا کۆچی دووایکردووە، خوانێکی جوان و ڕازاوەی نەبووە کە لەسەری بخوات، پێغەمبەریش دروودی خوای لەسەربێت، تاکو کۆچی دووایکردووە نانی نوێ و تازەی نەخواردووە، لەگەڵ ئەمەشدا دەیتوانی باشترین نان و خواردنی ڕازاوە و باش و پڕ چێژ بخوات، بەڵام خۆی نەیویستووە کە خۆی بە ماڵ و سامانی دنیا خەریك بکات، چونکە لە حاڵەتی زوهد بووە. (موبارەك، 2022 ).

"مەحوی"ـی شاعیریش لەم دوو دێرەی قەسیدەکەی"بەحری نوور" زوهدی پێغەمبەرمان پیشان دەدات، کە دەڵێت: لەگەڵ ئەم هەموو شان و شکۆیەی کە هەیبوو، خۆی لە دنیادا دوور گرتبوو، کە خۆراکی ڕۆژانەی لەتێك نانی جۆ و دوو سێ دەنکە خورما پتر نەبوو. سەری خۆی بۆ دنیا دانەنواند کە هێندەی دەنکە زیزانەیەك ئەرزشی نییە.

| |
|---|
| لەگەڵ ئەم ئیحتیسامە زوهدی دنیایی تەماشاکە |
| کە یەك لەت نانی جۆر بوو قووتی ، یا خورما دوو سی دانە |
| فەلەك جا هی سەری خەرمانی تاعەرش ، ئەڵبەتەنابی |
| تەنازول کا عولووی هیمەتی بۆ دەنکە زیزانە (موودەڕیس، 1391: ل 504) |

**13ـ میعراجی پێغەمبەر (د.خ)**

ئاشکرایە "میعراج" بەرزبوونەوەیە لە ڕووی زەوییەوە بۆ چینە بەرزەکانی ئاسمان، لەویشەوە بڕین و تێپەڕاندنی زەوی و هەسارە و ئەستێرەکانی تر، تا ئەو شوێنەی کە مرۆڤ تا ئێستا لە بارەیەوە نەیزانیووە، بەڵام باشترە ئایەتەکانی " میعراج"ـی قورئانی پیرۆز بخوینینەوە، کە بەڕاشکاوانە باسی میعراج دەکەن. قورئانی پیرۆز دەفەرموویت: (و النجم اذا هوی، ما ضل صاحکم وما غوی. وما ینطق عن الهوی ...). بەمجۆرە سورەتی (النجم)، بەباسکردنی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر (د.خ) دەستپێدەکات . واتە ئەو پەڕجووە گەورەیەی کە بۆ ڕێزلێنانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت فەراهەمکراوە و لەو گەشتە سەرسوڕهێنەرەدا خودای تاك و تەنیای بینیووە.

گەیشتنە حەقیقەتیش لە ڕێگای خەیاڵەوە دێتەدی. حەقیقەت لە دڵدا دەردەکەوێت. کەواتە خەیاڵ مرۆڤ بەرەو گومڕایی و ونبوون پەلکێش ناکات، بەڵکو بە میهرەبانییەک دەچوێنرێت کە مرۆڤ لە ڕێگایەوە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دنیای باڵادا بسازێنێت (مەلا، ٢٠١٣: ل 203).

لە بارەی چوونە ئاسمانەکەی پێغەمبەرەوەش (د.خ)، "مەحوی"ـی شاعیریش ئاماژەپێکردووە و دەڵێت: خودای تاك و تەنیا حەزرەتی عیسای تا ئاسمان و تا لای خۆر سەرخست، بەڵام پێغەمبەر سەرخستنەکەی تا ئەو شوێنە بوو، کە گەیشتە خودای تاك و

تەنیا کە لە ماوەی هەناسەیەکدا لە شەودا، ڕێگای هەزاران هەزار ساڵی بڕی و هەر لەوکاتەشدا گەڕایەوە بۆ جێی خۆی ڕێگاکەی ئەوەندە سەخت بوو، حەزرەتی جوبرەئیل بەو هەموو هێز و توانایەوە کە هەیەتی پەکی کەوتبوو نەیدەتوانی بڕوات، دەیووت: ئەگەر تۆزیکی تر سەربکەوم ئەوا ئاگرم تێبەردەبێت، کە پێغەمبەریش (د.خ) گەیشتە خزمەت و دیداری خوا، نووری خوایی بەسەردا باری.

"مەحوی"ــی کەڵەشاعیر دەڵێت: پێغەمبەری خودا بەهۆی گەشتە ئاسمانییەکەوە زانین و زانستی خوایی وەرگرت، کە لە قورئانیشدا ئاماژە بەم زانین و زانستە کراوە ئایەتی (و علمناه من لدنا علماً).

| |
|---|
| عورووجی عیسەوی تا ئاسمان و شەمسی عالەم بــوو |
| عورووجی ئەحمەدی تا " لامکان " وشەمسی جانانـە |
| لە زەرفی یەك نەفسدا شەو هەزار ئەندەر هەزاران ساڵ |
| زیاتر بەڵکی ڕێ تەی کات و ڕیجعەت کا هەر ئەو ئانە |
| چ ڕێیەك ؟ بەو هەموو شاباڵەوە جیبریلــــی ( ژی قو ) |
| بەجی مابوو لە ڕێ، دەیوت: خزم مەیدانی سووتانە |
| کە گەییە زاتی باری، نووری بیچوونی لەسەر بــاری |
| کە هەڵگیرسا، بە دەوری شەمعی خۆیا بوو بە پەروانە |
| قبووڵی لی کرا هەرچی ڕجا بوو، پێی درا هەرچی |
| عەتا بوو، هاتەجیَ هەرچی سزای ئیکرامی مێهمانە |
| لەگەڵ هەرختوەیەك تەحسیلی عیلمێکی "لدنی"ی کرد |
| لەهی ئەوسەر دەپرسی ڕۆحی حیکمەت نووری عیرفانە (مووەدەڕیس، 1391: ل 519) |

**14ـ ئاماژەکردن بە ڕووداوی کۆچکردنەکەی پێغەمبەر (د.خ)، لە مەککەوە بۆ مەدینە:**

"مەحوی" لاسایی بنەما سۆفیگەرییەکانی کردۆتەوە و خودی خۆی ئەزموونێکی پوخت و ڕێکی لەگەڵ بیابان نەبووە... (خۆشناو، 2016: ل 338). پێغەمبەر (د.خ) سەرەتا لە شاری "مەککە" دەستی بە بانگەوازی بۆ ئایینی ئیسلام کردووە، بۆ ماوەی سێزدە ساڵ بەردەوام بووە لە هەردوو قۆناغی نهێنی و ئاشکرا. لەسەر بانگەوازیکردنی ئەم ئایینە دژایەتییەکی ئێجگار زۆری لێکرا. ئابڵووقەی ئابووری دراوە و جاری وا هەبووە بە شێت و درۆزن و جادوگەر ناوزەندیان کردووە، بەڵام ئەم نێردراوە بێوچان کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە تاکو خودای گەورە پێی فەرمووە کە لە شاری "مەککە"ــوەکۆچ بکات بۆ شاری "مەدینە" لەگەڵ هاوەڵەکانیدا. ئەم کۆچە وەرچەرخانیکی مێژوویی و دەستپێکی پەیام و ژیانێکی نوێبوو لەمێژووی مرۆڤایەتی. (المعافری،2015: ص 250 ).

"مەحوی"ــی شاعیریش ئەم ڕووداوی کۆچکردنەی پێغەمبەر درووەی خوای لەسەربێت و هاوەڵانی زۆر بە ورد و جوانیی دەنەخشێنێت، بە سوودوەرگرتن لە ڕووداوە ئایینییەکەوە.

| |
|---|
| شەوی هیجرەت کەعدا زۆر هینا، مشتە خاکی بــوو |
| پیا چەندن، دەبەنگ و کویر و کەڕمان ئەو لەعینانە |
| لە ناو ئەو گورگ و ورچ و سەگ گەلە دەرچوو (باژن الله) |
| بە یـــــــاری غارەوە، یاری لە باری، ڕێ لە بەریانە |
| وەکوو خورشید و مەه پێی سەیریان لی هەڵبری تاغــار |
| لە غارا سەیری کرد تەعدا کــــــە وەك سێبەر لە دوویانــە |
| بەیەك دوو عەنکەبووت و کۆتری بی فــام و بەستەزمـــان |
| شوعوور و فەهمی گۆڕی لەو سەگ و ئیبلیس و دیوانــە |
| بەهەشتی داخڵی (یثرب) دەبی، (گوبی) لە بۆ ئەنصار |
| بەکوففارانی مەککە تا ئەبـــــەد ( یاویلنا ) مانــــــە |

| |
|---|
| ئەگەر ئەم هیجرەتە نەبوایە، دین ئەم شەوکەتەی کەی بـوو |
| کە هەر کەس تێ بگات بەم دینە نەسخی جوملـە ئەدیانـە (موودەڕیس، 1391: ل 527) |

**15ـ شەفاعەتکردنی پێغەمبەر  دروودی خوای لەسەربێت بۆ موسڵمانان:**

لە ڕۆژی دووایيدا،خەڵکی دەچن بۆ لای حەزرەتی ئادەم (س.خ)، دەڵێن: ئەی ئادەم تۆ باوکی مرۆڤایەتیت لای خودای تاك و تەنیا شەفاعەتمان بۆ بکە، ئادەمیش لەبەرئەوەی کە لە فەرمانی خودای تاك و تەنیا دەرچوو بوو، بەهۆی خواردنی بەروبوومی ئەو دارەی کە میوەکەی لێ قەدەغەکرابوو، بۆیە ناتوانێت داوای شەفاعەتیان بۆ بکات. بۆیە دەچن بۆ لای پێغەمبەر نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا، ئەوانیش تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر  موحەممەد (د.خ) باس دەکەن و دەگەڕێنەوە لای پێغەمبەر داوای لی دەکەن شەفاعەتیان بۆ بکات، ئەویش شەفاعەتیان بۆ دەکات و خوداش شەفاعەتەکە وەردەگرێت.

"مەحوی"ــی شاعیر، شەریعەتی کردۆتە ڕێگایەک بۆڕۆیشتن و هەنگاونان بەرەو هەقیقەت. واتا پێڕەوکردنی شەریعەت مرۆڤ دەگەیەنێتە خواناسین. (شاهین، ٢٠١١: ل 70)

"محوی"ــیش لە قەسیدەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ڕۆژی دووایيدا پێغەمبەر (د.خ) شەفاعەت بۆ ئوممەتەکەی دەکات، کە خودای تاك و تەنیا لە گوناهـو تاوانەکانیان خۆش بێت، چونکە لەو ڕۆژەدا خەڵکی هەموو سەریان لێشیواوە و پەرێشان و پەشۆکاون، تەنیا پێغەمبەر (د.خ) نەبێت کە لەسەر حاڵی خۆیەتی سەری لی ناشێوێت.

| |
|---|
| شەفیعی ڕۆژی ڕەستا خیزە، بۆ هەمووانە دەستاویز |
| ئەوە ئەو ڕۆژە وەك خۆ، (( مــابقی صما وعمیانــە )) (موودەڕیس، 1391: ل 510). |

**16ـ ڕەنگدانەوەی هەندێك لە پەڕچووەکانی پێغەمبەر (د.خ) لە قەسیدەکەی "بەحری نوور"ــدا .**

پەڕچوو لە ئایینی ئیسلامدا کارێکی سەرووی هێزی مرۆڤایەتییە، کە لەلایەن پێغەمبەرەوە ئەنجامدەدرێت، ئەمەش توانای خۆیان نییە و خودا پێیان دەبەخشێت، بۆئەوەی بتوانن بیسەلمێنن بۆ خەڵکی کە ئەوان ڕاستن و خەڵکی بانگهێشت بکەن بۆ ڕێی ڕاستیی و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان. ئەم کارەش کەسێکی دیکە ناتوانێت بیکات بەهیچ شێوەیەك. هەر پێغەمبەریکێش خاوەن چەند پەڕجوویەك بووە، وەك لە کتێبە ئایینییەکانەوە باسکراون. پێغەمبەر (د.خ) خاوەنی چەند پەڕجوویەك بووە، بۆنموونە کاتێك جوولەکەکان هاتنە لای قوڕەیشییەکان، وتیان: ئەگەر "موحەممەد" (د.خ) پێغەمبەر بێت، ئەوا هەموو پێغەمبەرەکان پەڕجوویان هەیە، داوای شتێکی لێبکەن، کە لە توانای مرۆڤدا نەبێت.

بۆیە ئەوانیش پێیانووت: خۆتمان پێبناسینە  موحەممەد (د.خ)، کە تۆ پێغەمبەریت، دەبێت پەڕجووت هەبێت هاوشێوەی پێغەمبەرانی تر. پێغەمبەریش (د.خ)، پێیاندەڵیت: چیتان دەوی بۆتان بکەم، داوای ئەوانیش ئەوەبوو، کە مانگ بکات بە دوو لەتەوە، پێغەمبەریش (د.خ)،  داوا لە خودا دەکات کە لەو کارەیدا سەرکەوتووی بکات، خودای تاك وتەنیاش فەرمان دەکات: بە پەنجە ئاماژە بۆ هەر شتێك بکات دەیکات بە دوو لەتەوە، ئەوە بوو پێغەمبەری خودا  (د.خ)، ئاماژەی بۆ مانگ کردوو و کردی بە دوو لەتەوە. خودای تاك و تەنیاش ئایەتی دابەزاند لەسەر لەتبوونی مانگ. (اقتربت الساعە وانشق القمر). دوای ڕوودانی کارەکە مانگ دەبێت بەدوو لەتەوە هەر بەشێك لەسەر دوو شاخ لە مەککە دەبینرێت.

"مەحوی"ــی شاعیریش وەك زانا و دانا و مامۆستایەکی ئایینی سوودی لەم ڕووداوە ئایینییە وەرگرتووە و لە قەسیدەکەیدا بە ڕوون و جوانیی ڕەنگیداوەتەوە، زۆر بە ورد و جوانیی پەسنی ئەم ڕووداوە دەکات و دەیگێڕێتەوە دەڵێت:

| |
|---|
| ئیشارەی یەك سەر ئەنگوشتی، مەهی لەو دوورەوە شەق کرد |
| هەر ئەو ئەنگوشتە بوو دەتوت فـوارەی ئـــاوی حەیوانـــە (موودەڕیس، 1391 ل 524). |

هەروەها "مەحوی"ی شاعیر باسی پەڕجوویەکی تریشی کردووە کە لە کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت هەیە، ئەویش ئەوەیە کەوا جارێکیان لە ڕووبەڕبوونەوە و جەنگێکدا، هاوەڵەکانی حەزرەت تەنها کاسەیەك ئاویان لابووە، بەشی هەموویانی نەدەکرد، پێغەمبەر درودی خوای لەسەربێت پەنجەی پیرۆزی خستە ناو کاسە ئاوەکەوە، ئاو لە نێوان پەنجە و کاسەوە هەڵدەقووڵێت، بەجۆریك لەشکریکی سێسەد کەسی ئاویان خواردۆتەوە و دەست نویژیان هەڵگرتووە.

| |
|---|
| سەری کرد ئاو ئەوەندە، لەشکریکی سیسەدی دا ئاو |
| لەگەڵ ئاوی وچوو، بەخوا ئەو ئاوە ئابڕوومانە. |

لەپاڵ ئەمانەدا باسکردنی پەرجووی تەونی جاڵجاڵۆکە و هیلانەی کۆتر، "مەلا عەبدولکەریمی مودەریس" لە کتێبی "نوری قورئاندا" نووسیوویەتی" حەزرەتی جوبرەئیل بە فەرمانی خودا سروشی بۆ پێغەمبەر (د.خ) نارد تا لە ماڵەکەی دەربچێت، بچیت بۆ مەدینە بۆ بڵاوبوونەوەی پەیامە ئیسلامییەکە، پێغەمبەریش دروودی خوای لەسەربێت لەگەڵ "ئەبوبەکری صدیق" لە ماڵەکەی خۆیان بەشەو دەرچوون، لەوێشەوە بۆ ئەشکەوتی "ثور"، بەڵام کافرەکان وەکو سێبەر بەدوایانەوە بوون بۆئەوەی بیانگرن و دواتر بیانکوژن، لەوکاتەی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵەکەی لە ئەشکەوتی "ثور" دابوون، بێباوەڕەکان نزیکبوون بچن بۆ ناو ئەشکەوتەکەوە، بەڵام بە فەرمانی خودای تاك و تەنیا جاڵجاڵۆکە دەرگای ئەشکەوتی تەنی، دوو کۆتر لەناو دەمی ئەشکەوتەکە هێلانە و هێلکەیان کرد، کاتێك کافرەکان کە چاویان بە جاڵجاڵۆکە و هێلانەکە کەوت، وتیان: دیارە کەسی تێدا نییە لە ژوورەوە، بۆیە شوێنەکەیان بەجێهیشت و ڕۆیشتن. ئەم ڕووداوە لە قەسیدەکەی "مەحوی"ـی مەزن ڕەنگیداوەتەوە و ئاماژەپێکراوە.

| |
|---|
| لە ناو ئەو گورگ و ورچ و سەگ گەلە دەرچوو ( باذن الله ) |
| بەیاری غارەوە، یاری لە باری، ڕێ لە بەریانە |
| وەکو خورشید و مەهـ پێی سەیریان لی هەڵبری تاغـــــار |
| لە غارا سەیری کرد ئەعدا کە وەك سیبەر لە دوویانـــــە |
| بەیەك دوو عەنکەبووت و کۆتری بی فام و بەستەزمان |
| شوعوور و فەهمی گۆڕی لەو سەگ و ئیبلیس و دیوانە (موودەڕیس، 1391: ل526). |

ڕەنگدانەوەی ڕووداو و پەرجووەکانی پێغەمبەر (د.خ)، لە قەسیدەی "بەحری نوور"ــی "مەحوی"ــی شاعیر گەلێك زۆرن، بەڵام ئێمە بە چاکمان زانی تەنیا باسی ئەم چەند نموونەی سەرەوە بکەین، چونکە ئەگەر باسی هەموویان بکەین، ئەوا سنووری باسەکەمان زۆر فراوانتر دەبێت.

17ـ ئاماژەکردن بە چەند ڕووداوێکی دیرۆکیی لە شەوی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ):

لەپێش لەدایکبوونی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ)، چەند شتێکی سەیر لە دنیا دەرکەوتن، هەر کەسێك ژیرانە تەماشای بکردایە دەیزانی دنیا بەرێی گۆڕانەوەیە بە باریکی جوان، نزیکە بارودۆخێکی وابێتە ناو ئادەمیزادەوە، کە لە تاریکی و شەقاوەت و زەحمەتەوە بکەوێتە ڕۆشنایی و بەختیاریی و ڕەحمەت. (مدرس، 1982: ل30). هەر لەگەڵ شەوی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)، چەند ڕووداوێکی گەورەی مێژوویی ڕوویانداوە، لەوانەش هیرشەکەی "ئەبرەهەی حەبەشی" بۆ سەر "کەعبە". هەروەها "کوژانەوەی ئاگری فارس". ئینجا داگیرساندنی بۆ ماوەی هەزار ساڵ و شەقبوونی "تاقی کیسرا". وشکبوونی "کانیاوی ساوە" لە "ئوردن". هەموو ئەمانە لە کتێبەکانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەیان پێکراوە. "مەحوی"ـی شاعیریش هەندێك لەو ڕووداوانەی ئاماژەپێکردووە.

| |
|---|
| کە تەشریفی قودوومێ هاتە دونیا، بارشیکی فە یــــچ |
| لە هەوری مەرحەمەت باری ، کە ئاساری نومایانـــــە |
| ڕشینەی ئاگری بەردایە عومری ئاگری (زەردەشـت) |
| بەبەرقی بوو کە شەق بوو تاقی (کیسرا) بوو بەویرانـــە |
| دڵی سووتا بەزەردەشت و بەکەسری کیسرەوی ، گریا |
| ئەوەندە بەحری ( ساوا ) نمر لە چاویدا بووەتە نانــــــە (موودەڕیس، 1391: ل507) |

18- ئەنجــــــام

1ـ ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی بینین و بڕوا و باوەڕبوونە بە جوانییەکانی خودا، لە ڕێی توانا و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ. بەشێك لە لایەنی گیانیی و بوونی مرۆڤ و تێڕامان لە جوانییەکانی خودا.

2ـ لەدووتوێی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی پێویستە شاعیر، ئەدیب تاڕادەیەکی زۆر خۆی بۆ مەسەلە و پرسی ناوەڕۆکی ئەدەبەکە یەکلایی بکاتەوە، لە سەرووی هەمووشیانەوە خۆیەکلاییکردنەوە بۆ یەکتاپەرستیی، پەرستی خودا.

3ـ ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕەنگدانەوە و زایەڵەی دەقگەلی ئایینین لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و جێنشین و یار و یاوەران. سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبیاتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام.

4ـ ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی ڕەگوڕیشەکەی بۆ نزیکەی چوارده سەده بەر لە ئەمڕۆ درێژدەبێتەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار و سەردەمە جیاوازەکان پانتایی ئەم ئەدەبیاتە بەرفراوان بووە.

5ـ ئەدەبی ئیسلامگەریی وەك دەرچەیەك لەم جیهانە ئاڵۆز و بەرژەوەندخوازە، خۆی بە ئەدەبیاتێك دەناسێنێت، کە گوزارشت لە کرۆکی جیهانی گیانیی مرۆڤەکان دەکات، بەدیاریکراوی ئەدەبیاتی میللەت  و گەل و نەتەوە ئیسلامخوازەکان، لە ڕوانگەی ئەوەی پێویستە ئەدەب لەسەر بنەمای دید و باوەڕێك بونیاد بنرێت، کە بنەما سەرەکییەکەی سوود و کەڵك و خزمەت بێت بۆ مرۆڤەکان، نەوەك تێکشکاندن و پوکانەوەیان.

6ـ ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی کە دەبینین لە چوارچێوەی ئەم ئەدەبەدا سەنگەکە لەسەر لایەنی ناوەڕۆکی ئەم ئەدەبیاتە گیروساوەتەوە، هەرچەندە لێکۆڵەر و ڕەخنەگر و تیۆردانەرانی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی بەشێوەیەك لە شێوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە دووتوێی ئەدەبیاتی ئیسلامگەریی هاوسەنگی بەدیدەکرێت لە نێوان ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبەکە، بەڵام بە تێڕوانین و وردبوونەوە لەم ئەدەبیاتەدا ئەوەی بەدیدەکرێت لاسەنگییە لە نێوان لایەنی ڕوخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبیاتەکەدا، ئەمەش بە سروشتی ئەدەبیاتەکەوە پەیوەستە، بێگومان نووسەر و ئەدیب و داهێنەرانی ئەدەبی ئیسلامگەرییش تاڕادەیەك بیانووی خۆیان هەیە کە ئەدەبیاتەکە زێتر گرنگی و بایەخ بە ناوەڕۆك دەدات، نەوەك ڕوخسار و فۆڕم و لایەنی هونەریی.

7ـ ئەوەی لە تیۆری ڕەخنەیی ئیسلامگەریی درك و هەستی پێدەکەین بە حوکمی سروشتی تیۆرەکە، تاڕادەیەکی زۆر گرنگی و بایەخ بە دەق دەدرێت، وەنەبێت ئەم گرنگی و بایەخدانە بە دەقیش ببێتە مایەی ئەوەی کە داهێنەری دەق و خوێنەر فەرامۆش بکرێن، بەڵکو گرنگی و بایەخدان لە چوارچێوەی تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی لە دەقەوە دەپڕژێتە سەر داهێنەری دەق و خوێنەری دەقەوە.

8ـ تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی تیۆرێکە ڕەگوڕیشەیەکی جووت لایەنەی هەیە بەتایبەت لە ڕووە جیۆگرافیی و ئایینیی و کولتوورییەکەیەوە، یەکێك لە ڕەگوڕیشەکەی سەر بە دنیای ڕۆژهەڵاتە، کە لە ئەدەبی ئیسلامگەرییەوە چەکەرەیکردووە، ڕەگوڕیشەکەی تریان سەر بە دنیای ڕۆژئاوایە، کە بە زەمینەسازی چەندین تیۆری ڕەخنەی ئەدەبی ڕۆژئاوا، تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی سەریهەڵداوە و ئاشکرا بووە و چەسپاوە.

9ـ تیۆری ئیسلامگەریی لەگەڵ ئەوەدا نییە سەرلەبەری دەقی ئەدەبیی لە بنەمای ئەدەبییبوون و هونەرییبوون بێناز بکات، دەق دابماڵرێت لە جوانیی و چێژ.

10ـ تیۆری ڕەخنەی ئیسلامگەریی کەڵکی لە ئەزموونی ئەدەبی کۆن و نوێی ئیسلامگەریی وەرگرتووە، هەر خودی ئەم تیۆرە ڕەخنەییەش بەرەنجامی ئەو پاشخانە ئەدەبییەیە، ئەمەش بەو واتایەی ئەو بەرپرسیارێتی لە هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی و مەعریفەیەی کە لە تیۆرەکەدا ڕەنگیداوەتەوە بەدڵنیاییەوە بۆ ئەدەبیاتەکە دەگەڕێتەوە و تیۆرەکە لێیەوە سوودمەند بووە.

11ـ شاعیرانی کورد بەرهەمێکی زۆریان ئافراندووە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا پێرەویان لەم ناوەڕۆك و بابەتە ئیسلامییانە کردووە، چونکە بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردەواری هەر لە مێژەوە کولتووری ئایینیی کاریگەری لە سەرهەبووە. پیرۆزیی و مەزنیی ئایین وەك نەریتێکی باو لەو کۆمەڵگایە و ماوەتەوە و بایەخی پێدراوە و بە پیرۆزیی ڕاگیراوە.

12ـ زمانی شیعریی"مەحوی" و شاعیرانی تری کلاسیك ڕاستە بە زمانێکی تێکەڵ دەناسرێنەوە، بەڵام زمانی "مەحوی" تایبەتمەندییەکی تری هەیە ئەویش ئەوەیە شاعیر لە قووڵاییەکانەوە لە زمان و کەرستە و پێکهاتە و بەشەکانی دەڕوانێت، ئەمەش پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە "مەحوی" بە تەواوی نغرۆی  ئایین و سۆفیتیی و عیرفانییەت و بەشێکی فەلسەفە بووە، لاکردنەوە لەم بابەتانە بە قووڵیی وای لە شاعیر کردووە مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ زمان بکات و هەمیشە لایەنە ڕووکەشەکانی زمان تێبپەڕێنێت.

13ـ بەهۆی شێوازی ئەدەبەکەیەوە "مەحوی" چ لەسەردەمی خۆیدا، چ لەسەردەمی دوای خۆیدا دیاردەیەکی ئەدەبیی دەگمەنە، بۆیە بەشێك لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران خودی "مەحوی" وەك ڕێچکە و ڕەوت و ڕێبازێك وێنادەکەن، بۆیە زاراوە و چەمکی "مەحویناسیی" و "مەحوییزم"، دوو زاراوە و چەمکی ئاشنان بە ئەدەبیات و ڕەخنەی کوردییەوە.

14ـ شاعیر، ئەم شارەزابوونەی خۆی لە ئایین وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی بەکارهێناوە بۆ وەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی چیرۆکی پێغەمبەر (د.خ)، هاوەڵەکانی و زیاتر شارەزابوون لە پەڕجووەکانی پێغەمبەر (د.خ)و چەندین بابەتی تری ئایینی، چونکە ئاشکرایە قورئان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئاستی هزریی تەواوی ئەو کەسانە داناوە کە شوێنکەوتووی ئەو کتێبە ئاسمانییە دەبن.

15ـ ئەم شارەزابوون و قاڵبوون و نغرۆبوونەی "مەحوی" لە ئایین و بنەما و مەسەلە و بابەتە ئایینییەکان، هەندێکجار وای لە شاعیر کردووە کە مەلەی دژە ڕەوت بکات لە بەرامبەر ئەو پیاوە ئایینییە ڕیاکارانەی کە هەمیشە ئایین وەك پەیژەیەك بەکاردەێنن بەمەبەستی بەرزبوونەوەیان لە ئاست خەڵکە ڕەشۆکەکە و بەکارهێنانیان لەپێناو بەرژەوندییە کەسییەکانیان، بێگومان ئەمەش بە ئاشکرا لە شیعر و ئەدەبەکەی "مەحوی" ڕەنگیداوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستە شاعیر شکۆی زاهید و دنیانەویستێك هەمیشە بە چاك و پەسەندتر دەزانێت لە پیاویکی ئایینیی ڕیاکار و مفتەخۆر.

### 19- سەرچاوەکان:

### قورئانی پیرۆز.

**سەرچاوەکوردییەکان**

**أ-کتیب**


1-بیمار، عبدالرزاق، 1992، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دارالحریە، بغداد .

2-پیربال، د. فەرهاد، 2005، ڕەگوڕیشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، دەزگای کوردستان، هەولێر.

3-حبیب اللە، جمال، 2013، دەروازەی شیعرنووسین، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

4-حەمە ڕەش، سۆران، 2013، کورد کێیە، مێژووی کورد و ڕەچەڵەکی کورد و زمانەکەی لە سەرەتایی شارستانییەوە هەتاکو سەدەی دەیەمی زایینی. چاپی یەکەم، لەندەن.

5-سابیر، د. پەرێز، 2005، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولیر.

6-سەعید، د. مەحەمەد ئەحمەد، 2008، کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

7-شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد، 2009، مەحوینامە، چاپخانەی منارە، هەولێر.

8-شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد، 2012، ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

9-شوانی، د. ابراهیم ئەحمەد، 2014، شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحوی دا، چاپی دووەم ،چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

10-گەردی، عەزیز، 1999، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

11-گەردی، عەزیز،1974، ئەدەب و ڕەخنە، بەغدا.

12-عەلائەدین سەجادی، 1952، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی معارف، بەغدا.

13-قادر، د. خانزاد عەلی، 2012، زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شیخ رەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

14-کەلهور، نەوزاد، 2008، ڕەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی کرمانجی خواروو، نووسینگەی تەفسیر.

15-مەحموود، سالار عەزیز، 2014، هزری فەلسەفی لە شیعری مەلای جزیردا، چاپخانەی موکریان، هەولیر.

16-مەحوی، عومەر عەزیز، 2021، ڕەوانبێژی و عەرووزی لای مەحویی گەورە و مەحویی بچووك، چاپی یەکەم، سلیمانی، چاپخانەی ناوەندی ڕێنوین.

17-مەولود، عەبدوڵڵا خدر، 2004، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

18-مدرس، مەلا عەبدالکریم، 1982، مەولودنامە و میعراج نامە، دارالمثنی للطباعە وانثر بغداد.

19-مدرس، مەلاعبدالکریم، 19850، نووری قورئان.

20-مدریس و کەریم، مەلا عەبدولکریم و موحەمەدی مەلا، 1391، دیوانی مەحوی، چاپ یەکەم، 1391، سنە.

21ـ هێمن عومەر خۆشناو، هێرمۆنتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2016.

22 ــ د. ئەحمەدی مەلا، مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتینییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشوقدا، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٣.

23ـــــ هیمداد شاهین، مەحوی ناسی، کتێبی یەکەم، یەکێتیی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوک، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١.

ب- نامەی ئەکادیمی

24- حسێن، بڕیار خەلیل، سیمۆلۆژیای ناسناوی شاعیرانی کورد بە نموونەی چەند شاعیرێکی کلاسیك، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین، 2022.

پ -گۆڤار

25-سجادی، علاء الدین، 1960، ئەدەبی کوردی، گ بڵیسە، ژ: 7.

26-گۆران، 1961، کۆن و تازەیی لە هەڵبەستا، گۆڤاری هیوا، ژمارە: 31.

27-عارف، د. محەمەد نوری، 1997، تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی ، کۆلیجی ئەدەبیات، ژ: 18.

28-موتابچی، د. ئەمین عەلی، 1973، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی: کۆلیجی ئەدەبیات، ژ:16.
سەرچاوە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان:
29- موبارەك، ئیمامی عبداللە، 2022، شەرحی كتیبی زوهد.
30 - هەمەوەندی، زاگرۆس، 2010، زوهد و دنیانەویستی لە ئیسلامدا.
سەرچاوە عەرەبیەکان:
31-ا بو زیله، نمر حامد، 2005، اشکالیات القراءه و الیات التأویل.
32-الاحرانی، حسن، 2004، الاسلامیه فی الشعر المعاصر بالمغرب، منشورات كلیه الاداب و العلوم الانسانیه، الطبعه الثالثه، وجده، المغرب.
33_احمد،سامی شهاب، 2012، ومضات نقدیه فی تحلیل الخطابین ادبی والنقدی، دار غیداء، عمان.
34-الامرانی، حسن، 1994، الاسلامیه فی الشعر المعاصر بالمغرب، منشورات كلیه الاداب و علوم الانسانیه، وجده.
35-امهاوش، محمد،2010، قضایا المصطلح فی النقد الاسلامی الحدیث، عالم الكتب الحدیث، اردن .
36-البازعی و الرویلی،سعد، میجان، 2000، دلیل الناقد الادبی، مؤسسه الرساله، بیروت، لبنان.
37-بدر، عبدالباسط، 1985، مقدمه لنظریه الادب الاسلام ، دار المناره، جده.
38-حمودی، ایهم عباس، 1980، شعر العقیده فی عصر صدر الاسلام حتی سنه 23 هـ، جامعه بغداد.
39-الحمیری، عبدالواسع،2009، الخطاب و كیف نحلله، مجد المؤسسه الجامعیه، لبنان.
40-خلوصی، صفاء (د)،1977، فن التقطیع الشعری و القافیه، منشورات مكتب المتنبی، بغداد.
41-خلیل، عماد الدین،2007، محاولات جدیده فی النقد الاسلام، دار ابن كثیر، دمشق، سوریا.
42-رحمانی، احمد،2004، النقد الاسلامئ المعاصر بین النضریه و التطبیق، مركز الملك فیصل للبحوث و الدراسات الاسلامیه، الریاض، السعودیه.
43-زریل، عدنان، 2000، النص و الاسلوبیه بین النضریه و التطبیق، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
44-الساریسیی، عمر عبدالرحمن، مقالات فی الادب الاسلامی، دار الفرقان، الاردن، 1996.
45-سعد، محمد سالم، 2008، ماوراء النص، عالم الكتب الحدیث، اردن.
46-سعدالله، محمد سالم،2007، دراسات فی النقد الاسلام المعاصر، دار الشرق العربی، بیروت.
47-صلاح، شعبان (د)، 2007، موسیقی الشعر بین الاتباع، دار غریب للطباعه و النشر، القاهره.
48-العانی، سامی مكی، 1990، الاسلام و الفكر، سلسله عالم المعرفه، الكویت.
49-عبود،شلتاغ، 1992،الملامح العاقه للنظریه الادب الاسلامی، دار المعرفه، دمشق.
50-عروی، محمد اقبال، 2009، جمالیه الادب الاسلامی، المكتبه السلفیه، الدار البیظاء، المغرب.
51-عطیه، محمود عاید، 2010، القیمه النقدیه فی الخطاب النقدی، عالم الكتب الحدیث، الاردن.
52-علیان، مصطفی، 1992، نحو منهج اسلامی فی روایه الشعر و نقده، دار البشیر، عمان، الاردن.
53-العوادی، عدنان حسین، 1979، الشعر الصوفی حتی أفول مدرسه بغداد وظهور الغزالی، دار الشؤن الثقافه العامه بغداد.
54-الغنیم، ابراهیم بن عبدالرحمن، 1996، الصوره الفنیه فی الشعر العربی، الطبعه الاولی، الشركه العربیه للنشر و التوزیع.
55-فریز، ج. س، 1980، الوزن و القافیه و الشعر الحر، ترجمه: عبدالواحد، لؤلؤه، دار الرشید للنشر، العراق.
56-الكیلانی، نجیب، 1987، حول المسرح الاسلام، مؤسسه الرساله، بیروت، لبنان.
57-الكیلانی، نجیب، 1987، نحن و الاسلام، مؤسسه الرساله، بیروت، لبنان.
58-المعافری، ابن هشام، 2015، السیره النبویه لابن هشام، دارالعقیده للتراث.
59-الملائكه، نازك، 1978، قضایا الشعر المعاصر، الطبعه الخاصه، دار العلم، لبنان.
60-الناقوری، ادیس، 1990، قضیه الاسلام و الشعر، دار الشؤون الثقافه العامه، افاق عربیه، بغداد.

**لمحه عن أدبيات و نظريه النقد الإسلامى, قصيده "بحرى نوور" للشاعر الكردى "محوى" نموذجا.**


**كارزان محسن قادر**
قسم اللغة الكردية - كلية التربية االاساسية / جامعة صلاح الدين
m.samerahmad0105@gmail.com

**سمير احمد ابراهيم**
وزارة التربية
karzan.qader@su.edu.krd



خلاصه.

هذا البحث الموسوم بـ"لمحه عن أدبيات و نظريه النقد الإسلامى، قصيده "بحرى نوور" للشاعر الكردى "محوى" نموذجاً. يسلط الضوء بصوره أوسع على النظره الأدبيه من المنظور الإسلامى و على وجه التحديد ما يتعلق بالادبيات و نضريه النقد الإسلاميه. بشكل عام، تمت الإشاره فى هذا البحث الى جذور هذه الادبيات و من ثم تناولنا نضريه النقد الاسلامى، لهذا الغرض، تطرقنا الى الشعر الدينى بالاضافه الى تناول جوانب و نواحى المضهر و المضمون فى قصيده "بحرى نوور" من منضور نضريه النقد الاسلامى. من الواضح أن أشعار الشاعر "محوى" شامله و متعدده الأغراض: إذ تتضمن الاشعار الدينيه و الصوفيه و العرفانيه و الفلسفيه و الاجتماعيه حيث قام بتأليف قصائد رائعه لمعضم الموضوعات و الأغراج الشعريه



**الكلمات الرئيسيه:** (الأدبيات الإسلاميه، النضريه النقديه الإسلاميه، الشكل، اللغه، الوزن و القافيه، المضمون، بحرى نوور).


**An overview of the literature and theory of Islamic criticism, the poem "Bahri Noor" by the Kurdish poet "Mahwi" as an example.**


**Karzan Mohsen Qadir**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University-Erbil
karzan.qader@su.edu.krd

**Samir Ahmed Ibrahim**
Ministry of Education
m.samerahmad0105@gmail.com



**Abstract**

This research, titled "An overview of the literature and theory of Islamic criticism, the poem "Bahri Noor" by the Kurdish poet "Mahwi" as an example" sheds light more broadly on the literary view from the Islamic perspective, specifically with regard to literature and Islamic criticism theory. In general, reference was made in this research to the roots of these literatures, and then we discussed the theory of Islamic criticism.There is no doubt that Mahwi's poems are comprehensive and multipurpose: they include religious, mystical, philosophical, and social poetry. He composed wonderful poems for most of the subjects and poetic purposes.



**Keywords:** (Islamic literature, Islamic critical theory, Appearance, Language, Rhythme, Content, Bahri Noor(.